dwaroj.net

دوارۆژ

٢٠٢٦/١١/١٦ـ ٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٤ی هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ١٥٤



کوردستان لە بەردەم گۆڕانکاریيە گەورەکان

وتوێژی دواڕۆژ لەگەڵ ئەنوەر حسێن بازگر

- دۆخی ئێران و داهاتووی کۆماری ئیسلامی
- ڕۆڵی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی ئێران
- خاڵە بەهێز و لاوازەکانی هاوپەیمانیی حیزبە کوردستانییەکان
- سیناریۆکانی شەش مانگی داهاتووی ئێران و کوردستان
- داهاتووی سیاسیی کورد لە ئێران و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

5



ترامپ دەرگاکانی ڕێککەوتن دادەخات
2



داهاتووی ڕژێمی ئێران لە نێوان ئەگەری ڕێفۆرم و مانەوە یا تووندئاژۆیی و ڕووخان
4



بەرەو ستراتیژێکی نەتەوەیی
4



لەگەڵ شەپۆلەکانی شێعری نوێی کوردیی
11

ڕەزا کەعبی: زەنگی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانەوە لێدراوە



سەروتار

مۆتەکەی ڕێنەکەوتن بووەتە هۆکاری دارمانی ئابووری لە ئێران



محەمەد حەکیمی

لە دواییین ئاماری ڕاگەیەندراوی هەژاری لە جیهاندا، ئێران پلەی چوارەمی بە دەست هێناوە؛ و ئەمە بەهۆی سیاسەتی هەڵەی ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانەوە بووە، کە وای کردووە ئەو وڵاتە پلەی چواری هەژاری لە جیهاندا بە دەست بێنێت. بە چەشنێک کە لە وڵاتی نەوت و زێڕدا ژیان بۆ خەڵک ببێتە مۆتەکە. بە پێی نوێترین ئاماری بڵاوکراوە سەبارەت بە هەژاریی وڵاتەکان لە جیهاندا، ئێران پلەی چواری وەرگرتووە و تەنانەت وڵاتی یەمەنیش پێش ئێران کەوتوە و دۆخی ئابووریی یەمەن لە وڵاتی ئێران باشترە.

دۆخی ئابووری، هەڵاوسان و نرخی سوودی بانکی وای کردووە شیرازەی بنەماڵە بە گشتی لە ئێران لەبەر یەک بترازێت و خەڵک تووشی دەیان ئازار ببنەوە؛ تەنانەت بە ملیۆنان کەس نەتوانن سێ ژەمە بە تێر و پڕی نان بخۆن و ڤیتامینی پێویست بە لەشیان نەگات. هەر ئێستا زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس پێویستیان بە ڤیتامینی «د» هەیە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە مەودایەکی زۆر هەیە لە نێوان ویست و داخوازییەکانی ڕژێمی ئیسلامیی تاران و واشنگتۆندا. ڕژێمی تاران تا دێت داخوازییەکانی زیاد دەکات و ئەوەش وای کردووە کە ڕێککەوتن ئەستەم بێت. ڕێککەوتن لە پێناو چیدا؟ دوورگەی هورمز لە کردەوەدا بە دەستی ئەمریکادایە و ڕژێم ناوەناو درۆنێک یان مووشەکێک دەنێت بە کەشتییەکی بارهەڵگرەوە، لە حاڵێکدا ڕۆژانە لانیکەم دەیان کەشتیی بارهەڵگر لەو دوورگەیە دەپەڕنەوە بێ ئەوەی باج بە ڕژێمی تاران بدەن. ئێمە دەبینین ڕۆژانە ئەمریکا لە بەندەرەکانی سیریک و... دەدات و کاردانەوەی ڕژێمیش گەیشتووەتە ئاستی سفر.

هەر لەو پێوەندەدا «ئەنوەر قەرقاش»، ڕاوێژکاری دیپلۆماسیی سەرۆکی ئیمارات، دەڵێت هیچ ڕێگەچارەیەک نییە بۆ گەیشتن بە ئاشتی و بە دڵنیاییەوە ناوچەکە تووشی شەڕ دەبێتەوە. هەر لەم پەیوەندییەدا «ترامپ»یش وتی:

2

ڕەزا کەعبی، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شیکردنەوەیەکدا سەبارەت بە پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و هەرێمی کوردستان، پێی وایە هەرێمی کوردستان نەک تەنیا بووەتە لەمپەرێکی جدی لە بەردەم سیاسەتە ناوچەییەکانی تاران، بەڵکوو شۆڕشی ژینا و پێگەی سیاسی و خەباتگێڕانەی کوردستان، زەنگی مەترسیی-ڕووخانی کۆماری ئیسلامییان لێداوە. بە بۆچوونی ناوبراو، چڕبوونەوەی هێرش و گوشارەکانی تاران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، نیشانەی قوونبوونەوەی قەیرانەکانی ڕژێم و نیگەرانییەکانیەتی لە پێگە و ڕۆڵی کوردستان لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە.

هەرێمی کوردستان؛ لەمپەرێک لە بەردەم ستراتیژیی ناوچەیی تاران

ڕەزا کەعبی ئاماژە بەوە دەکات کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک فاکتەری سیاسی و ناوچەیی، هەوڵی داوە چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بەغداوە، گوشاری هەمەلایەنەی سیاسی، ئابووری، سەربازی و ئەمنیەتی بخاتە سەر هەرێمی کوردستان. بە بۆچوونی کەعبی، هەرێمی کوردستان یەکێکە لە لەمپەرە سەرەکییەکانی بەردەم سیاسەتی هەناردەکردنی تیرۆر و پڕۆژەی دروستکردنی هیلالی شیعە. هەروەها بوونی هەرێمی کوردستان ڕێگری لەوە کردووە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێت بە تەواوی عێراق بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. ناوبراو ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە لاوازکردن و لێکترازانی گرووپە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە عێراق بە گرنگ دەزانێت و پێی وایە هەرێمی کوردستان تێچووی مانەوەی تاران لە عێراق، پاراستنی هاوپەیمانەکانی و دروستکردنی کۆریدۆرە سەربازییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو بردووەتە سەرەوە.

سەرکەوتنی دیپلۆماسیی کوردستان لە بەرامبەر ئینزوای تاران

کەعبی بە بەراوردکردنی پێگەی دیپلۆماسیی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی، ئاماژە بەوە دەکات کە لە کاتێکدا تاران لە ئاستی نێودەوڵەتیدا تووشی ئینزوای سیاسی و دیپلۆماسی بووە، هەرێمی کوردستان بووەتە ناوەندێکی گرنگی هاتوچۆی سەرکردە و کاربەدەستانی باڵای وڵاتانی ڕۆژئاوایی. بە وتەی ناوبراو، بوونی دەیان کونسوڵگەریی وڵاتانی جیاواز و هەروەها ئامادەبوونی هێز و بنکە سەربازییەکانی هاوپەیمانان لە هەولێر، لەو فاکتەرانەن کە دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامییان بەرامبەر هەرێمی کوردستان زیاتر کردووە. لە هەمان کاتدا، کەعبی پێی وایە بوونی هەرێمی کوردستان نەک تەنیا لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامی ناتەبایە، بەڵکوو بووەتە هۆکاری تێکچوون و بە بنبەست گەیاندنی بەشێک لە پڕۆژە ناوچەییەکانی تاران. بە وتەی ئەو، کۆماری ئیسلامی ساڵانێکە هەوڵ دەدات کۆریدۆرێکی سەربازی بۆ گواستنەوەی چەک، تەقەمەنی و مووشەک لە ڕێگەی سنووورەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ سووریا دروست بکات، بەڵام لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا سەرکەوتوو نەبووە. هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی؛ ستراتیژیی دوورخستنەوەی شەڕ لە سنووورەکانی ئێران ڕەزا کەعبی پێی وایە لەگەڵ قوونبوونەوەی قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی، پەنابردن بۆ شەڕ و سیاسەتی شەڕئەنگێزانە بووەتە ڕێبازی زاڵی سیاسەتی دەرەوەی تاران. بە بۆچوونی ئەو، سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی لە کردەوەدا بریتی بووە لە دروستکردن، پڕچەککردن و بەکارهێنانی گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکان بۆ ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکان و دروستکردنی قوونڵاییەکی ستراتیژی بۆ پاراستنی سنووورەکانی ئێران. کەعبی ئەم سیاسەتە بە ستراتیژییەک بۆ دوورخستنەوەی شەڕ و نائەمنی لە سنووورەکانی ئێران دەزانێت؛ ستراتیژییەک کە بە بۆچوونی ئەو، بە نرخی وێرانبوونی شارەکان، کوشتار و ئاوەواربوونی ملیۆنان کەس لە سووریا، عێراق، لوبنان، فەلەستین و یەمەن تەواو بووە.

7

دریژەی سەروتار

«ئێمە لە جەنگی ئێراندا سەرکەوتنی نیوەوناتەواومان ناوێت، بەڵکوو سەرکەوتنی لەسەداسەدمان دەوێت.» هەروەها ناوبراو لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەوانێکدا کە لێی پرسی: «ئەگەر ڕژێمی تاران بەو شێوەیە بمێنێتەوە، ئایا بۆ ئێوە ئەوە شکستێکی گەورە نییە؟»، ترامپ وتی: «بەڵێ، بە دڵنیاییەوە ئەوە دەبێتە شکستێکی گەورە لە کارنامەی مندا» و...

ڕژێمی ئیسلامیی ئێران کەوتووەتە دۆخێکەوە کە هیچ متمانەی بە ڕێککەوتن نییە و هەروەها نازانێ کەی هێرش بۆ سەر دامودەزگاکانی و هەروەها بۆ سەر بەرپرسانی باڵای ڕژێم دەست پێ دەکاتەوە. ئەم دۆخە وای کردە تا واشینگتۆن بتوانێت بە شێوەیەک کۆنترۆڵی مێشکی بەرپرسانی ڕژێم بکات و ترس و هێزمۆنیی خۆی لە ناویاندا پتەو و قایمتر بکات.

ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە بەربڵاویی گەمارۆکانی ئەمریکا و بەتایبەتی بڕیاری داخستنی سنووری کانی ئاوی و خاکی، بەتایبەتی سنووری عێراق و دەریای خەزەر، دەتوانێت ببێتە هۆی گرانیی زیاتر و هەڵاوسانی زیاتر؛ و ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر کارگەکان و سیستەمی بانکیی ڕژێم دادەنێت. هەرچەن داخستنی سنووری زەمینیی ئێران بەهۆی ئەوەی کە سنووڕێکی بەرفراوانی لەگەڵ دراوسێکانی، بەتایبەتی عێراق، هەیە ئەستەمە، بەڵام هەر ئەوەش دەتوانێت گوشاری زیاتر بخاتە سەر ڕژێمی ئیسلامی. هەر ئێستا سنووری «مەندەلی» لە نێوان ئێران و عێراق داخرا و بە باوەڕی من ئەوە دەستپێکی داخستنی سنووڕەکانە لەگەڵ ئێراندا، و ئەوەش دەبێتە هۆی هەڵاوسانی زیاتر و ڕژێم ناچار دەبێت سنووڕە فەرمییەکان دەور لێ بدات و لە ئاکامدا تێچوویەکی زیاتری تووش دەکات. دیارە دەبێ لە ڕۆژانی داهاتوودا چاوەڕێی هەڵاوسانی زیاتربین و لەم ناوەدا تەنها جەماوەری ئێرانن کە تووشی کێشە دەبن.

لە لایەکی دیکەوە، نرخی سوودی بانکی لە ئێران لە سەدا ٢٤ـەوە بۆ نزیکەی سەدا ٣٤ بەرز بووەوە. ئەم گۆڕانکارییە دەتوانێت کاریگەری لەسەر بازاڕی بۆرسە، وەرگرتنی قەرز و دابینکردنی داهات بۆ کارگەکان و کاروباری خەڵک دابنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی گرانبوونی شتومەکی پێویستی خەڵک و تەنها خەڵک لەم ناوەدا زەرەرمەندی یەکەمن.

هاوکات لەگەڵ دۆخی ئابووری و سیاسی لە ناوچەکەدا، لە ناوخۆی ڕژێمیشدا شەڕی چەقەڵەکان سەبارەت بە کێبڕکێی گرتنەدەستی دەسەڵات بەردەوامە و کاریگەریی «موحسێن ڕەزایی» زیادی کردووە و هێدیهێدی خەریکن «قالیباف» وەلا دەنین. کێبڕکێ بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لە تاران زۆر زیادی کردووە و «ڕەزایی» تێدەکۆشێت خۆی دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ وڵاتانی چین، ڕووسیا و ئەمریکادا بکات؛ و ئەوەش وای کردووە کە ناوبراو لە «X»دا ڕوو بە ئەمریکا بڵێت کاتی ئەوە هاتووە کە ئێوە لە بەرانبەر ئەو حەوت مەرجەی ئێمەدا چووک دابدن و تەسلیم بن و ناوچەکە بەجێ بێڵن.

ئەم جۆرە لێدوانانە تەنها مەسرەفی ناوخۆیی هەیە و جیهان دەزانێت کە ڕژێمی ئیسلامی لە کۆتاییی خۆی نزیک بووەتەوە، هەر بۆیە ڕژێم لە شارەکانی ئێران، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستی کردووە بە فرۆشتنی شوێنە سەربازییەکان و دەیەوێت پێش ئەوەی بڕوخێت هیچ شتێک لە ئێران و ژێرخانی ئابووریی ئەو وڵاتە نەهێڵێت. ڕژێم درێژەکێشانی ئەو دۆخەی پێ باشە، چونکە بە کاتکوشتن دەیەوێت سەردەمی «ترامپ» تەواو بێت.

ترامپ دەرگاکانی ڕێککەوتن دادەخات؛ کۆماری ئیسلامی بەرەو گۆشەگیریی زیاتر



لێدوانە نوێیەکانی دۆنالد ترامپ سەبارەت بەوەی کە ئەمریکا چیتر پێویستی بە ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە، هاوکات لەگەڵ داواکاریی مەجلیسی خوبرەگان بۆ لێکۆڵینەوە لە دەرچوونی ئێران لە پەیمانی قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی چەکی ئەتۆمی و هەڵوێستە تونددەکانی موحسین ڕەزایی، نیشانەی چوونە قۆناغێکی هەستیارتر لە ململانێکانی نێوان تاران و واشنتۆنن.

لە کاتێکدا کۆشکی سپی باس لە گۆڕانی هاوسەنگیی هێز بە قازانجی ئەمریکا دەکات، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەروا جەخت لە پاراستنی تواناکانی ئەتۆمی و پێداچوونەوە بە ستراتیژیی بەرگریی خۆیان دەکەنەوە؛ هەڵوێستێک کە دەکرێت ئەگەری ڕێککەوتن کەمتر و مەترسیی دەستپێکردنەوەی جەنگ زیاتر بکات.

لە کاتێکدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی باس لە بەربەرەکانی و گۆڕینی ستراتیژیی بەرگری دەکەن، گەمارۆی دەریایی، سزاکانی دارایی و سنووردارکردنی بازرگانی هەروا لە سەرەکیترین ئامرازەکانی فشاری ئەمریکان.

هەرچەند ئەم فشارانە دەتوانن داهاتەکانی حکوومەت کەم بکەنەوە، بەڵم دەرئەنجامەکانیان تەنیا بە دەسەڵاتسنووردار نامێننەوە.

بەرزبوونەوەی نرخەکان، زیادبوونی بێکاری، کەمبوونەوەی توانای کڕین و لاوازبوونی چالاکییە ئابووریییەکان، ژیانی ملیۆنان هاووڵاتی بەرەوڕووی مەترسی دەکەنەوە.

لە هەمان کاتدا، تەنگەی هورموز بووەتە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی قەیران و بەردەوامیی گرژییەکان لەم ناوچەیە، ئابووریی ناوچەکە و بازاڕی جیهانیی وزەش دەخاتە ژێر فشارەوە.

موحسین ڕەزایی؛ پێداگری لەسەر پاراستنی یۆرانیۆمی پیتێزاو

موحسین ڕەزایی، لە هەڵوێستە نوێیەکانیدا، جەختی کردەوە کە کۆماری ئیسلامی ئامادە نییە تەنانەت بەشێکی بچووک لە یۆرانیۆمە پیتێزاوەکانی ڕادەستی لایەنێکی دیکە بکات.

ناوبراو هەروەها هەواڵەکانی سەبارەت بە وتووێژەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا بە ساختە و خەیاڵی ناوبردووە و هەڕەشەی هێرشک سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکای کردووە.

لە بەرامبەردا، ڕۆژنامەی واڵ ستریت ژوورناڵ باسی هەوڵەکانی جەی دی ڤانس، جێگری سەرۆکی ئەمریکای بۆ کردنەوەی ڕێڕەوێکی دیپلۆماسیی نوێ لەگەڵ تاران کردبوو؛ هەوڵێک کە بە هۆی هەڵوێستە نوێیەکانی ترامپ و مەرجەکانی تارانەوە، بەرەوڕووی کۆسپ بووەتەوە.

ئەم دۆخە نیشان دەدات کە ناکۆکییەکان تەنیا لەسەر ناوەڕۆکی ڕێککەوتن نییە، بەڵکو هەردوو لا تەنانەت لەسەر چۆنیەتیی دەستپێکردنەوەی وتووێژەکانیش ناکۆکن.

فشاری ئابووری؛ باجێک کە خەڵک دەیدەن

لە کاتێکدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی باس لە بەربەرەکانی و گۆڕینی ستراتیژیی بەرگری دەکەن، گەمارۆی دەریایی، سزاکانی دارایی و سنووردارکردنی بازرگانی هەروا لە سەرەکیترین ئامرازەکانی فشاری ئەمریکان.

هەرچەند ئەم فشارانە دەتوانن داهاتەکانی حکوومەت کەم بکەنەوە، بەڵام دەرئەنجامەکانیان تەنیا بە دەسەڵات سنووردار نامێننەوە. بەرزبوونەوەی نرخەکان، زیادبوونی بێکاری، کەمبوونەوەی توانای کڕین و لاوازبوونی چالاکییە ئابووریییەکان، ژیانی ملیۆنان هاووڵاتی بەرەوڕووی مەترسی دەکەنەوە.

لە هەمان کاتدا، تەنگەی هورموز بووەتە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی قەیران و بەردەوامیی گرژییەکان لەم ناوچەیە، ئابووریی ناوچەکە و بازاڕی جیهانیی وزەش دەخاتە ژێر فشارەوە.

ئاسۆی پێشهاتەکان؛ پاشەکشە، قەیرانی درێژخایەن یان جەنگ؟

لە سایەی پێشهاتە نوێیەکاندا، سێ سیناریۆ بۆ داهاتووی ململانێکانی تاران و واشنتۆن لە ئارادان؛ بەردەوامیی گەمارۆ و فشارە ئابووریییەکان بەبێ دەستپێکردنەوەی جەنگێکی بەرفراوان، گەڕانەوە بۆ وتووێژ بە نیوەندگیریی وڵاتانی ناوچەکە، یان دەستپێکردنەوەی پێکدادانە سەربازییەکان لە ئەنجامی شکستی دیپلۆماسی.

هەرچەند هیچکام لەم سیناریۆیانە یەکلایی نەبوونەتەوە، بەڵام زیادبوونی هەڕەشە بەرامبەرەکان و تەسکبوونەوەی دەرفەتەکانی ڕێککەوتن، مەترسیی فراوانتربوونی قەیرانیان زیاتر کردووە.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی تا چەند دەتوانێت بە سیاسەتی بەربەرەکانی بەردەوام بێت، بەبێ ئەوەی دەرئەنجامەکانی ئەم سیاسەتە ببنە قەیرانێکی قوواڵتر لە ئابووری، کۆمەڵگە و پێکهاتەی دەسەڵاتدا.

تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی

بۆچی پرسی نەتەوەیی کورد نابێت بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران دوا بخرێت؟





ئارەزوو کەمانگەر

سەرهەڵدانی گفتوگۆکان لەسەر تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و داڕشتنی سیستەمێکی سیاسیی نوێ لە دوای ئەو، تەنیا لە گۆڕینی دەسەڵات یان جێگرتنەوەی پێکهاتەی سیاسیی ئێستادا کورت نابێتەوە؛ ئەم بابەتە پێویستی بە سەرلەنوێ بیرکردنەوە هەیە لە بنەماکانی ڕەوایەتیی سیاسی، پێکهاتەی دەوڵەت، هاوکێشەکانی دەسەڵات و چۆنیەتیی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو نەتەوانەی لە ئێراندا دەژین. لەم چوارچێوەیەدا، پرسی نەتەوەیی کورد یەکێکە لە پرسە بنەڕەتییەکان کە یەکلاییکردنەوەی ناتوانێت بۆ قۆناغی دوای گۆڕینی دەسەڵات دوا بخرێت؛ چونکە چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسەدا، بابەتێکی لاوەکی نییە لە پرۆسەی تێپەڕیندا، بەڵکو یەکێکە لە پێوەرە سەرەکییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ماهیەتی دیموکراتیانەی سیستەمی سیاسیی داهاتوو.

یەکێک لە ئاڵنگارییە سەرەکییەکان لە گوتاری بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا، پێشینەدانە بە زەروورەتی ڕووخانی دەسەڵات و هەڵپەساردنی نادڵنیایی و جیاوازییە بنەڕەتییەکان دەربارەی پێکهاتەی سیاسیی داهاتوو. بەپێی ئەم تێڕوانینە، سەرەتا دەبێت کۆتایی بە سیستەمی ئێستا بهێنرێت و پاشان بڕیار لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بە مافە نەتەوەییەکان، پێکهاتەی دەوڵەت و چۆنیەتیی دابەشکردنی دەسەڵات بدرێت. بەڵام ئەم جیاکردنەوەیە لە نێوان خەبات بۆ گۆڕینی دەسەڵات و دیاریکردنی بنەماکانی سیستەمی سیاسیی داهاتوو، لە ڕووی تیۆری و سیاسییەوە ڕووبەڕووی پرسیاری جدی دەبێتەوە. ئەگەر بڕیارە سیستەمی داهاتوو لەسەر بنەمای ئازادی، یەکسانی و ئیرادەی خەڵک دابمەزرێت، چۆن دەکرێت مافی دیاریکردنی چارەنووسی بەشێک لەم خەڵکە بۆ قۆناغێک دوا بخرێت کە پێکهاتەی دەوڵەت و یاسا سیاسییەکان لەوانەیە پێشتر شێوەیان گرتبێت؟

لێرەدا پێویستە چاوێک بخشێنین بە سەر پرسی نەتەوەیی کورد و سنووردارکردنی تێڕوانینی «هاوواڵتی-تەوەر». پرسی نەتەوەیی کورد ناتوانرێت تەنیا لە چوارچێوەی داواکاریی کولتووری، زمانی یان نەهێشتنی هەڵاواردنی بەڕێوەبەری و ئابووریدا شیکاری بۆ بکرێت. ئەم داواکارییانە، ئەگەرچی بەشێکی دانەبڕاون لە خەبات بۆ یەکسانی و نەهێشتنی ستەم، بەڵام هەموو ڕەهەندەکانی پرسی نەتەوەیی ناگرنەوە. پرسی نەتەوەیی لە کوردستاندا بەستراوەتەوە بە نکۆڵیکردن لە ناسنامەی سیاسی و نەتەوەیی، بێبەشکردنی مێژوویی لە بەشداریکردن لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی و بەردەوامیی پێکهاتە ناوەندگەراکانی دەسەڵات.

لێرەدا جیاوازیی نێوان مافی هاوواڵتیبوون و مافی بەکۆمەڵی نەتەوەیەک گرنگی پەیدا دەکات. کێیە کە نەزانێت دەستەبەرکردنی یەکسانیی هاووڵاتیان لە بەردەم یاسادا، ئازادییە تاکەکەسییەکان و مافە کولتووری و زمانییەکان، لە پێداویستییەکانی هەر سیستمێکی دیموکراتین؟ بەڵام دانپێدانان بەم مافانە بە شێوەیەکی لۆژیکی بە واتای قبوڵکردنی مافی نەتەوەیەک نییە بۆ دیاریکردنی ئازادانەی پێگەی خۆی و داهاتووی سیاسیی خۆی. بۆ نموونە، ڕەنگە دەوڵەتێک مافی کولتووری و زمانیی نەتەوەکان دەستەبەر بکات، بەڵام هێشتا بڕیاردان لەسەر پێکهاتەی سیاسیی وڵات بە شێوازێکی قۆرخکراو لە دەستی دەوڵەتی ناوەندیدا بهێڵێتەوە.

بۆیە کورتکردنەوەی پرسی نەتەوەیی کورد تا ئاستی داواکاریی کولتووری یان مافی هاووڵاتیبوونداء، بە واتای پشتگوێخستنی ڕەهەندە سیاسییەکەی دێت. مافی دیاریکردنی چارەنووس، لە واتای ڕاستەقینەی خۆیدا، دەربڕینی مافی نەتەوەیەکە بۆ بڕیاردانی ئازادانە لەسەر دۆخی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆی؛ ئەو مافەی کە کورت ناکرێتەوە بۆ پێدانی ئیمتیازاتێک لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە.

یەکێکی دیکە لە بابەتە مشتومڕاوییەکان لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنداء، جەختکردنەوەیە لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران وەک ئەسڵێکی پێشوەختە کە دەرگای گفتوگۆی لە سەری بە تەواوی داخستووە. ئەم هەڵوێستە کاتێک گرنگیی زیاتر پەیدا دەکات کە لە پاڵ ئەوەداء باس لە قبوڵکردنی فرەنەتەوەیی، مافی زمانی و کولتووری و تەنانەت ئەگەری تاوتوێکردنی مۆدێلەکانی حوکمڕانی وەک فیدراڵیزم دەکرێت.

کێشەی سەرەکی لەم خاڵەدا جیاوازی نییە لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات، بەڵکو پەیوەندیی بە بنەما و سنوورەکانی مافی بڕیاردانی نەتەوەکانەوە هەیە. ئەگەر یەکپارچەیی خاک وەک ئەنجامێکی حەتمی و دەرەوەی بازنەی هەڵبژاردن و گفتوگۆ پێناسە بکرێت، لەم حاڵەتەدا بازنەی مافی دیاریکردنی چارەنووس پێشوەختە سنووردار دەکرێت. لە بارودۆخێکی ئاوادا، قبوڵکردنی فرەنەتەوەیی و کولتووری لەوانەیە لە ئاستێکی سیمبولیک و ئیداریدا ماناێتەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ڕاستەقینەی هاوکێشەکانی دەسەڵات و قبوڵکردنی ئیرادەی سیاسیی نەتەوەکان.

بێگومان دەبێت جیاوازی دابنرێت لە نێوان قبوڵکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس و بڕیاردانی پێشوەختە لەسەر ئەنجامە کۆتاییەکەی. داکۆکیکردن لەم مافە مەرج نییە بە واتای سەپاندنی شێوازێکی دیاریکراو ـ لەوانە سەربەخۆیی ـ لە ڕێکخستنی سیاسیدا بێت. بابەتی سەرەکی، قبوڵکردنی مافی هەڵبژاردنی ئازادانەیە. ئەم هەڵبژاردنە دەکرێت ببێتە هۆی شێوازی جیاواز لە پەیوەندییە سیاسییەکان، لەوانە پێکهاتەی فیدراڵی، ڕێککەوتنی سیاسی هاوبەش یان بژاردەکانی تر. ئەوەی ڕەوایەتیی دیموکراتی بەم هەڵبژاردنە دەبەخشێت، ئازادبوونی پرۆسەی بڕیاردان و نەبوونی زۆرەملێی سیاسییە.

کوردستان ئەزموونێکی مێژوویی لە بەردوامیی کێشەی دەسەڵاتی ناوەندگەرا هەبووە و هەر لە لایەن ئەو دەسەڵاتەوە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا گەلێک ستەمی بینیوە. ئەم ئەزموونە نیشان دەدات کە گۆڕینی سیستەمی سیاسی، وەکوو خۆی بە واتای کۆتاییهاتنی ستەمی نەتەوەیی نییە. شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ و گۆڕانکارییەکانی دوای ئەو، نموونەیەکی ڕوونی ئەم ڕاستییەن. سەرەڕای بەشداریکردنی گەلی کورد لە گۆڕانکارییە شۆڕشگێڕییەکاندا و خستنەڕووی داواکارییە سیاسی و نەتەوەییەکان، پێکهاتەی سیاسیی نوێ نەک هەر وەڵامدەرەوەی ئەم داواکارییانە نەبوو، بەڵکو لە ڕێگەی سەرکوت و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییەوە، پەیوەندیی دژبەیەک و ململانێی نێوان دەوڵەتی ناوەندی و کۆمەڵگەی کوردستانی بەردەوام کرد.

گرنگیی ئەم ئەزموونە لەوەدایە کە نیشانی دەدات کێشەکە تەنیا لەسەر ماهیەتی ئایدۆلۆژیی دەسەڵاتێک یان پێکهاتەی هێزە خاوەن دەسەڵاتەکان کورت نابێتەوە، بەڵکو پێکهاتەی ناوەندگەرای دەسەڵات و تێڕوانینی قۆرخکارانە بەرامبەر بە سەروەری (حاکمییەت) ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن. لەبەر ئەم هۆکارە، جێگرتنەوەی سیستمێکی سیاسی بە سیستمێکی تر، بەبێ پێداچوونەوە بە کێشەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوەکان و ئەو ستەمانەی کە یەک بە دوای یەک بەرانبەریان کراوە، بە شێوازێکی لۆژیکی نابێتە هۆی گۆڕانکارییەکی دیموکراتیی ڕاستەقینە.

لەم ڕوانگەیەوە، دەبێت پرسی کورد لە قۆناغی پێناسەکردن و داڕشتنی بنەماکانی سیستەمی سیاسیی داهاتوودا سەرنجی پێ بدرێت، نەک ئەوەی دوای جێگیربوونی پێکهاتە نوێیەکە ببێتە بابەتێک بۆ گفتوگۆ و بڕیاردان.

هاوکاریی سیاسی و زەروورەتی پاراستنی سەربەخۆیی هەڵوێستەکان یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە قۆناغی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیدا دەبێت بە وریایی و وردبینییەوە لەگەڵی بجوواڵێینەوە. خستنەڕووی پرسی نەتەوەیی لە پرۆسەی تێپەڕیندا، بە واتای ڕەتکردنەوەی هاوکاریی نێوان هێزە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی نییە. هاوکاریی سیاسی و دروستبوونی هاوپەیمانییە هاوبەشەکان دەتوانێت لە خەبات دژی دیکتاتۆری و داکۆکیکردن لە ئازادییە سیاسییەکاندا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت. بەڵام ئەم جۆرە هاوکارییانە کاتێک خاوەن سەقامگیری و متمانە دەبن کە لەسەر بنەمای قبوڵکردنی ماف و داواکارییە بنەڕەتییەکانی هێزە بەشداربووەکان دابمەزرێن.

هەڵپەساردنی جیاوازییە سەرەکییەکان بە هیوای چارەسەرکردنیان لە داهاتوودا، ڕەنگە لە کورتماوەدا یارمەتیدەر بێت بۆ ئاسانکاریی هاوکارییەکان، بەڵام لە درێژماوەدا دەتوانێت ببێتە هۆی کەڵەکەبوونی ناڕەزایەتییەکان و دروستبوونی قەیرانی مەشرووعیەت لە سیستەمی سیاسیی داهاتوودا. بۆیە ڕوونی و شەفافیەت لەسەر پرسی نەتەوەیی و قبوڵکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبێت لە بنەما سەرەتاییەکانی هەر جۆرە هاوکارییەکی سیاسی بێت.

بۆ هێزە چەپەکانی کوردستان — ئەو ڕەوتانەی نوێنەرایەتیی چەپ دەکەن لە کوردستان کە بەرچاوترینیان کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانە — ئەم پرسە جیا لە گرنگیی نەتەوەیی، خاوەنی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و چینایەتیشە. خەبات دژی ستەمی نەتەوەیی کاتێک دەتوانێت ببێتە پرۆژەیەکی ڕزگاریبەخش کە ببەستێتەوە بە خەبات دژی چەوسانەوەی ئابووری، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەڵاواردنی ڕەگەزی و سنووردارکردنی ئازادییە تاکەکەسی و سیاسییەکان. ڕزگاریی نەتەوەیی بەبێ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەبێ دانپێدانان بە مافە نەتەوەییەکان، ڕووبەڕووی سنووردارییی بنەڕەتی دەبنەوە.

لە کۆتاییدا:

تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەرفەتێکە بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا، بەڵام بەدیهاتنی گۆڕانکارییەکی دیموکراتی پێویستی بەوەیە کە لۆژیکی ناوەندگەراییی زۆرەملێ، نکۆڵیکردن لە ناسنامە نەتەوەییەکان و قۆرخکردنی بڕیار لە ناوەنددا بخرێتە ژێر ڕەخنە و پێداچوونەوەوە.

پرسی کورد نابێت بۆ داهاتوو دوا بخرێت، چونکە ئەم دواخستنە بە واتای قبوڵکردنی چوارچێوەیەکە کە تێیدا سەرەتا پێکهاتەی دەسەڵات دیاری دەکرێت و پاشان بڕیار لەسەر ماف و پێگەی سیاسیی نەتەوەکان دەدرێت. ئەم ڕێزبەندییە لەگەڵ پرەنسیپی بەشداریکردنی یەکسان و مافی دیاریکردنی چارەنووسدا ناگونجێت.

داهاتووی ڕژێمی ئێران لە نێوان ئەگەری ڕێفۆرم و مانەوە یا تووندئاژۆیی و ڕووخان



پەرویز ڕەحیمزادە

ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەر لە سەرەتاوە بە قەیران دەستی پێ کردووە و هەر دەورەیەک لە دەسەڵاتی خۆی بە خولقاندنی قەیرانێکی دیکە تێپەڕاندووە، ئەمڕۆکە دەبێ بوترێ کە ئەم ڕژێمە لە قەیراناویترین سەردەمی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیدا بەسەر دەبات.

ئەم سیستەمە کە هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنیەوە لەگەڵ هەموو نۆرم و بەها مرۆییە جیهانییەکاندا نامۆ بووە، ئێستا وەک دەبینرێ بەرجەستەبوونەوەی قەیران لە ئاستەکانی کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەری، ڕەوابوون، ئابووری، سیاسی و نێودەوڵەتیدا بوونەتە هۆکارە گرنگەکانی بە بنبەست گەیشتنی ئەم دەسەڵاتە ناڕەوا کە لە ماوەی نزیک پێنج دەیەی ڕابردوو جیا لە کارەسات نەبێ هیچ شتێکی دیکەی بۆ مرۆڤایەتی بەرهەم نەهێناوە. ڕژێمی ئیسلامی لە ناوەڕۆکی خۆیدا دەیویست مۆدێلێک لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەسەر بنەمای ئایینی ئیسلام دابمەزرێنێت و بەم شێوەیە ببێتە ئۆلگوویەک کە وێڕای ئەوەی نیشانی جیهانی دەدات، لە هەمان کاتدا وەک پرۆژەیەکی ستراتژیکیش لە ئاستی هەموو جیهان پەرەی پێ بدات.

کۆمەڵگەی ئێران لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا کە نەیدەتوانی و پۆتانسیەل و توانای ئەوەی تێدا نەبوو کە وەڵامی ئەرێنی بە سەردەمی مۆدێرنیتە بداتەوە، لە دژکردەوە بەو تروسکە لاوازەش کە لەوبارەوە خۆی دەرخستبوو، هاتە باوەشی ئیسلامی سیاسی و بەو جۆرەی مێژوو دەریخست، بە لایەنی هەرە زۆر، جیا لە کوردستانی شۆڕشگێڕ و پێشڕەو، چوونە پاڵ شۆڕشی ئیسلامی. لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی ئەم ڕژیمەدا و بەتایبەت لە سەردەمی ڕەوتی ڕێفۆرمخوازی لە ئێران، گوشار و گەشەی کۆمەڵگا ڕژیمی ناچار بە پاشەکشە لە هەندێ پرسی ئایدۆلۆژی کرد کە پێ دەچوو تا ئەوکات لەگەڵ ناوەڕۆکی دەسەڵاتی زاڵ نامۆ بێ. دەرکەوتنی بزووتنەوەی خوێندکاری، دەستپێکی ڕەوتێکی نوێ و ڕەخنەگرانە لە نێو سینەما تا ئەوەی لە ژێر ناوی (گفتگوی تمدن‌ها) هاتە مەیدان کە هەوڵێک بوو بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و کرانەوەی دەرگا داخراوەکان. بەڵام بە گشتی ئەوەش لە ژێر ناوی ڕێفۆرم دەستی پێ کرد نەک هەوڵێک بۆ ڕێفۆرمێکی بناغەیی لە کۆی پێکهاتەی دەسەڵات، بەڵکوو دواتر دەرکەوت کە خودی پرۆژەی ڕێفۆرمخوازی پیلانێک بوو بە مەبەستی لاوازکردنی ئەو ڕەوتەی خوازیاری تێپەڕبوون بوو لەو ڕژیمە.

بارودۆخی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران لە ئێستادا ئەوەندە قەیراناویە کە تەنانەت ڕێبەری نوێی ونبووی لە دواییەن هەڵوێستیدا کە بەناوی ئەو بڵاوکرایەوە، داوای کردووە کە دۆخی «نە شەڕ نە ئاشتی» دەبێ کۆتایی پێ بێت. واتای ئەم سیاسەتە ئەوەیە کە ڕژیم چیدی توانایی مانەوەی لەوە زیاتری لە دۆخی قەیراندا نییە؛ واتە لەم نێوەدا دوو بژاردە لەبەردەم ڕژیمدا دەبێ: یان ڕێککەوتن و خۆبەدەستەوەدان بەو جۆرەی ئەمریکا بە دیاریکراویی پلانی هەیە، یا ئەوەی یەکلابوونەوە لەسەر شەڕی مان و نەمان.

لە پرسی شەڕی مان و نەماندا بێگومان هەموو ئاماژەکان ئەوە دەڵێن کە ئەگەر ڕژیم بچێتە قۆناغی شەڕی تەواو، هاوکات دۆڕاوی سەرەکیش دەبێ؛ چونکوو ڕاگەیاندنی شەڕ و کۆتاییهاتن بە گفتوگۆ، دەستی وڵاتانی دیکە ئاوەڵا دەکات بۆ ئەوەی هەموو بژاردەکانی خۆیان بۆ کۆتاییهێنانی ئەو دەسەڵاتە بخەنە گەڕ. بەڵام ئەوەی ڕەنگە مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینە ئەوە بێ و ئەو پرسیارە دروست بکات کە ئەگەر ڕژیم ئامادەی ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا بێ، کەواتە داهاتووی بزووتنەوەی ناوخۆ لە ئێران چ چارەنووسێکی دەبێت؟

پێش هەموو شتێک پێویستە لەو خاڵەوە دەست پێ بکەین کە یەکەم دەرکەوتنی سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا، ناوەڕۆکی ستراتژیی ڕژیم تووشی قەیرانی بنەڕەتی دەکات؛ واتە ناکۆکی و بەریەککەوتنی دەسەڵات ئەوکات تووندتر دەبێتەوە کە ئەم پرسیارە دەوروژێت کە ئەگەر بڕیار بوو ڕێککەوتن بکرێ، چ پێویست بوو ئەو شەڕە ئەنجام بدرێ کە تێیدا خەسارێ گەورەی لێکەوتەوە. لەم نێوەدا هەڵبەت دەبێ چاوێکی تیژ لەسەر ئەو بزووتنەوە ناڕەزایەتییەی ناوخۆی ئێرانیش بێ کە ئەگەر ڕژیم پاشەکشە بکات و ناچار بە جۆرێک ڕێفۆرم بێ، دەبێ ئەمە وەک سەرەتای ڕووخان پێناسە بکرێ. ڕەنگە جیا لەو قەیرانانەی کە لە بواری ژیانی خەڵک و پەیوەندیدار بە ئابووریيەوە هەنوێ پەنجە لەسەر ئەو خاڵە هەستیارە دابنێین کە بناغەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی ڕژیم ناتوانێ مۆدێلی ڕێفۆرمێکی بەردەوام ڕەچاو بکات، ئەوە بێ کە ئەم دەسەڵاتە بەهۆی تاوان و جینایەتی گەورە دژی خەڵک و کوشتاری دەیان هەزار کەسی، ڕەوابوونی خۆی بە تەواوی لە ئاستی خەڵکدا لەدەست داوە.



هەر جۆرە ڕێفۆرمێکی ئابووری و سیاسیش کە هەر ئەم ڕژیمە بیەوێ بەڕێوەی ببات، لە کۆتاییدا شەپۆلی بزووتنەوەی جەماوەری ئەم دەسەڵاتە ڕادەمالێت؛ واتە هیچ گۆڕانێکی ئابووری و تەنانەت ڕێککەوتن و کردنەوەی دەرگا بە ڕووی جیهانی ڕۆژئاواشدا ناتوانێ نەفرەت و بێزاریی خەڵک لەو ڕژیمە کەم بکاتەوە. بۆیە چارەنووسی ڕژیم لە فۆرمی هەوڵدان بۆ بیناکردنەوەیەکی نوێ نەک سەرکەوتوو نابێ، بەڵکوو سەرەتای دەستپێکی ڕەوتی ڕووخانی دەسەڵاتی ئیسلامیی سیاسییە، سەرەتا لە ئێران و دواتریش لق و پۆکانی لە ناوچەکەدا.

بەرەو ستراتیژێکی نەتەوەیی؛ پێویستییەکانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات



یونس بلووری

لەسەر بارودۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک تاکێکی کورد، لەو ڕوانگانەوە کە بیرۆکەی من بڕ دەکات، بە پێویستم زانی بابەتێک لە چەند بەشدا بنووسم و وەک ڕای خۆم لەگەڵ هاوڕێیان دابەشی بکەم. ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت، بەشی یەکەمی تڕوانینی منە. هیوادارم بتوانم لەڕێی ئەو نووسینەوە، هەلێکی دیالۆگ لەسەر ئەو پرسە گرینگە بڕەخسێنم.

بەشی یەکەم:

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان سەرکوتی دەوڵەت و شپرزەیی سیاسی؛ کاتی ئەوە هاتووە لە داواکارییەوە بگەینە ستراتیژێکی نەتەوەیی!

شیکردنەوەیەک لە دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

پێشەکی: نەتەوەیەک لە ژێر فشار، بزووتنەوەیەک لە پێویستیی نوێدا

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغێکی هەستیار و چارەنووسساز تێپەڕ دەکات. لە لایەکەوە، سیاسەتی سەرکوت، ئەمنییەتیکردنی ژیانی هاووڵاتیان، سنووردارکردنی مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکان، هەژاری، بێکاری، کاردانەوەی ماددە هۆشبەرەکان و نایەکسانیی ئابووری، کۆمەڵگای کوردستانی تووشی فشارێکی بەردەوام کردووە؛ لە لایەکی دیکەوە، بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەهۆی جیاوازیی ئایدۆلۆژی، ململانێی ڕێکخراوەیی، نەبوونی ستراتیژیی هاوبەش و دووریی لە پێداویستییەکانی کۆمەڵگا، لە بەرهەمهێنانی هێزێکی سیاسیی یەکگرتوودا ڕووبەڕووی ئاستەنگیی جیددی بووەتەوە.

پرسیاری بنەڕەتی ئەوە نییە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی مێژوو، ناسنامە و بزووتنەوەی سیاسییە یان نا؛ ئەوە ڕوونە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: بۆچی نەتەوەیەک کە ئەزموونی دردێژی خەبات و قوربانیی هەیە، هێشتا نەیتوانیوە ئەو ئەزموونە بۆ دامەزراوەیەکی سیاسیی بەهێز، بەرنامەیەکی هاوبەش و توانایەکی

کاریگەر بۆ نوێنەرایەتیکردنی ویستی گشتیی خەڵک بگۆڕێت؟

ئەم پرسیارە پێویستی بە ڕاستگۆیی و هەڵسەنگاندنی بێلایەنانە هەیە؛ چونکە نابێت هەموو ناکامییەکان تەنها بە سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی گرێ بدرێنەوە، هەروەها نابێت بەرپرسیاریەتیی حیزبەکان لە بەرامبەر ئەو دۆخەدا پشتگوێ بخرێت.

١. دۆخی کورد: کێشەیەکی تەنها ئەمنییەتی نییە

کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنها کێشەیەکی ئەمنییەتی یان ئابووری نییە؛ بەڵکو کێشەیەکی نەتەوەیی، سیاسی، مافەکانی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی ناو دەوڵەتە.

کورد لە ئێراندا ڕووبەڕووی سنووردارکردنی مافی زمان، ناسنامە، ڕێکخستنی سیاسی و بەشداریی یەکسان لە دەسەڵاتدا دەبێتەوە. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش بەردەوام ئاماژە بە دەستبەسەرکردن، زیندانیکردن، لەسێدارەدان، فشاری ئەمنییەتی و پێشێلکردنی مافەکانی هاووڵاتیانی کورد دەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتی تۆمارکردنی ناوەندەکانی مافی مرۆڤی کوردستان، لە ساڵی ٢٠٢٥دا لانیکەم ٥٦١ هاووڵاتی و چالاکوانی کورد بە تۆمەتی سیاسی دەستبەسەر کراون. ئەم ژمارەیە تەنها ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە ئەو ڕێکخراوانە تۆماریان کردوون و بەڵگەی پشتڕاستکراوەیان بۆ هەبووە؛ بۆیە نابێت وەک تەواوی هەموو پێشێلکارییەکان لێک بدرێتەوە.

ئەم دۆخە نیشان دەدات کە پرسی کورد پێویستی بە تێڕوانینێکی فرەڕەهەند هەیە: پاراستنی مافی تاک، مافی کۆمەڵ، مافی نەتەوەیی، دادپەروەریی ئابووری و بەشداریی سیاسی. هیچ یەک لەم ڕەهەندانە بە تەنها ناتوانێت چارەسەرییەکی بەردەوام بۆ کێشەکە دابین بکات.

درێژەی هەیە...

کوردستان لە بەردەم گۆڕانکارییە گەورەکان

وتوویژی دواڕۆژ لەگەڵ ئەنوەر حسێن بازگر چاودێری سیاسی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس



پێشەکی

لە کاتێکدا ئێران ڕووبەڕووی قەیرانێکی قوواڵی سیاسی، ئابووری و ئەمنی بووەتەوە و ملمـلانێکانی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل داهاتووی ناوچەکەیان خستووەتە بەردەم ئەگەرە جیاوازەکان، پرسی چارەنووسی کورد و ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی تر بووەتە بابەتی سەرەکیی گفتوگۆ و مشتومڕە سیاسییەکان. لە نێوان ئەگەری ڕێککەوتن و بەردەوامبوونی ملمـلانێی سەربازی، پرسیارەکان لەسەر داهاتووی کۆماری ئیسلامی، ڕۆڵی سوپای پاسداران، کاریگەریی سیاسەتی ئەمریکا و توانای حیزبە کوردستانییەکان بۆ بەشداری لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان زیاتر بوون. هاوکات، پێکهاتنی هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەگەڵ ئەو هیوایەی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا دروستی کرد، پرسیاری گرنگی لەبارەی یەکگرتوویی، جیاوازییە ئیدیۆلۆژییەکان، سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی و پەیوەندیی ئەم هێزانە لەگەڵ زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکان هێناوەتە ئاراوە. دوو حەوتوونامەی دواڕۆژ بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتانە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی لەگەڵ ئەنوەر حوسێن، چاودێری سیاسی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، ئەنجام داوە. ئەنوەر حوسێن لەم چاوپێکەوتنەدا بە ڕەخنەوە لە سیاسەتی ئەمریکا، ڕۆڵی تورکیا و ئیسرائیل و هەروەها هەڵوێستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕوانێت. ئەو پێی وایە هاوپەیمانیی ئێستای حیزبە کوردستانییەکان، سەرەڕای گرنگیی پێکهاتنی، نەیتوانیوە بە تەواوی دەرفەتە سیاسییەکان بقۆزێتەوە. لە هەمان کاتدا، پێشنیاری دروستکردنی هاوپەیمانییەکی سیاسی لە نێوان ڕەوتە جیاوازەکانی کۆمەڵە دەکات و ئەوە بە هەنگاوێک بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگیی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێت.

تەوەری یەکەم: دۆخی ئێران و داهاتووی کۆماری ئیسلامی

دواڕۆژ: دۆخی ئێستای ئێران چۆن دەبینن؟ بە بڕوای ئێوە، لە بارودۆخی ئێستادا کێ بڕیاری سەرەکی لە ئێران دەدات و ئایا کۆماری ئیسلامی دەتوانێت لەم قەیرانە دەرباز بێت؟

ئەنوەر حوسێن: بە بڕوای من، دۆخی ئێستای ئێران لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ەوە تا ئێستا، ڕەنگە هیچ کاتێک بەم ئەندازەیە خراپ نەبووبێت. هۆکارەکەشی ئەو ململانێ و شەڕ و ئاڵۆزییانەیە کە لە نێوان ئێران لە لایەک و ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەکی ترەوە هەیە، لەگەڵ ئەو فشار و گەمارۆ ئابووریانەی خراونەتە سەر تاران. من پێم وایە ئێران ناتوانێت بە ئاسانی بگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخەی پێش ڕووداوەکانی شوباتی ٢٠٢٦. ئێستا کۆماری ئیسلامی لە بەردەم دوو ئەگەری سەرەکییدایە. ئەگەری یەکەم ئەوەیە کە ناچار بێت سازشێکی گەورە لەگەڵ ئەمریکا بکات. بەڵام بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی، ئەم سازشە نرخی سیاسی و ئیدیۆلۆژییەکی زۆری هەیە. ئەوان دەزانن کە قبووڵکردنی مەرجەکانی واشنتۆن دەتوانێت بە مانای لەدەستدانی بەشێکی گرنگ لە دەسەڵات و ئامرازەکانی کاریگەرییان بێت. لە هەمان کاتدا، ئەزموونی وڵاتانی وەک عێراق، لیبیا و سووریا لەبەر چاویانە و لە ڕووی ئیدیۆلۆژی و مەزهەبیشەوە، دەستبەرداربوون لەو بنەما و بیروباوەڕانەی کە دەسەڵاتیان لەسەر دامەزراوە، بۆیان کارێکی ئاسان نییە. ئەگەری دووەم ئەوەیە کە ئەگەر سازش ڕوو نەدات، ئەمریکا فشارەکانی تا ئەوئاستە بەردەوام بکات کە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا ڕوو بدات. ئەو گۆڕانکارییەش لەوانەیە لە سەرەتادا هەر لە ژێر ناوی کۆماری ئیسلامیدا بێت، بەڵام کەسانێک بێنە سەر کار کە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەبەر چاو بگرن. بە بڕوای من، ئەو شەڕ و قەیرانانەی ئێستا ڕوویان داوە، دەکرا لە سەرەتادا و لە ڕێگەی دانوستانەکانی عومانەوە ڕێگەیان لێ بگیرێت. کۆماری ئیسلامی دەیتوانی بە سازشێکی کەمتر لەوەی ئێستا لێی داوا دەکرێت، لەگەڵ ئەمریکا بگاتە ڕێککەوتن، بەڵام ئەو دەرفەتەی لەدەستدا. ئێستا داواکارییەکانی ئەمریکا تەنیا بە بەرنامەی ئەتۆمی، مووشەکەکان و هێزە هاوپەیمانەکانی ئێران لە ناوچەکەدا سنووردار نییە، بەڵکوو گەرووی هورمزیش بووەتە بەشێکی گرنگ لە ململانێکە. گەرووی هورمز دەروازەیەکی ستراتیژییە و ئەمریکا دەیەوێت کاریگەری و کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ئەم ڕێڕەوە ئاوییەدا زیاتر بکات. لەم ڕووەوە، ئێران ڕووبەڕووی فشارێکی زۆر گەورە بووەتەوە. سەبارەت بەوەی کێ ئێستا ئێران بەڕێوە دەبات، من پێم وایە سوپای پاسداران ڕۆڵی سەرەکی هەیە. ئەگەر مەبەست بەڕێوەبردنی دەوڵەت و بڕیارە گرنگە ئەمنی و سیاسییەکان بێت، سوپا بەشێکی زۆر گەورە لە دەسەڵاتی لە دەستدایە. بەڵام لە ڕووی ئابووریيەوە، ئەو گەمارۆ قورس و تاقەتپڕووکێنانەی ئەمریکا خستوونیەتە سەر ئێران، توانای دەسەڵات بۆ بەڕێوەبردنی وڵات و پاراستنی دۆخی ئاسایی زۆر سنووردار کردووە. لەبەر ئەوە، داهاتووی ئێران ڕوون نییە و هەرچی ئەم بارودۆخە زیاتر درێژە بکێشێت، بە بڕوای من زیاتر لە زیانی کۆماری ئیسلامی دەبێت. دەسەڵاتدارانی تاران تا ئێستا پاشەکشەی زۆریان کردووە، قوربانییان داوە و بەشێکی گرنگ لە کارت و ئامرازەکانی فشاریان لەدەست داوە. هەروەها پێم‌وایە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و پاشەکشەی کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنەکانی سێی تشرینی دووەم، بەو مانایە نییە کە واشنتۆن دەست لە سیاسەتی خۆی بەرامبەر ئێران و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبگرێت. ئەو سیاسەتە تەنیا پەیوەندی بە ترامپ یان حیزبی کۆمارییەوە نییە، بەڵکوو بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکاوە گرێدراوە. من ئەمریکا بە زلهێزێک دەزانم کە شەڕ و ململانێی سەربازی بەشێکی گرنگ لە سیاسەتی دەرەوەی پێک دەهێنێت.

تەوەری دووەم: ڕۆڵی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕانکارییەکانی ئێران

دواڕۆژ: بە بڕوای ئێوە، حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت چ سیاسەتێک پەیڕەو بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێراندا ڕۆڵێکی کاریگەرتر ببینن؟

ئەنوەر حوسێن: لە ڕاستیدا، بەو ئەندازەیەی من ئاگادارم، حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا نەخشەڕێگایەکی سیاسیی ڕوون و ئەجێندایەکی دیاریکراویان بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێران نییە. گوتاری سیاسیی ئەم حیزبانە لە زۆر شوێندا پڕە لە پارادۆکس و ناکۆکی. جگە لەوەی کە دەگوترێت حیزبەکان یەکگرتوو نین، کێشەیەکی بنەڕەتیتر ئەوەیە کە هێشتا نەیانتوانیوە بە ڕوونی دیاری بکەن چییان دەوێت و بە چ ستراتیژییەک دەیانەوێت بگەنە ئامانجەکانیان. بە بڕوای من، پێویستە ئەم حیزبانە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و ئەو هێزە ئەوروپییانەی کە خوازیاری گۆڕانکاری لە ئێرانن، باشتر بکەن. بەڵام ئەم پەیوەندییانە نابێت تەنیا لە ئاستی حیزبی و تاکەکەسیدا بمێننەوە، بەڵکوو دەبێت لە چوارچێوەی ئەجێندایەکی هاوبەشی سیاسی و هاوپەیمانییەکی کاریگەردا ڕێک بخرێن. پێکهاتنی هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاوێکی باش بوو، بەڵام بەداخەوە ئەو هاوپەیمانییە تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو ڕۆڵەی کە چاوەڕوان دەکرا ببینێت. لە سەرەتاوەش دەرکەوت کە هێزەکانی ناو ئەم هاوپەیمانییە خاوەنی بیروبۆچوون و ئەجێندای جیاوازن. هەندێک جار وا دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکیی ئەم هاوپەیمانییە زیاتر ئەوە بووە کە بە ئەمریکا و هێزە دەرەکییەکان نیشان بدات کورد یەکگرتووە، نەک ئەوەی بەرنامەیەکی ڕوون بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێت. من پێم وایە لە سەرەتای شەڕەکانی شوباتی ٢٠٢٦ەوە، ئەمریکا چاوەڕوانییەکی زۆری لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. واشنتۆن حسابی لەسەر ئەوە کردبوو کە ئەم هێزانە بتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕانکارییەکاندا ببینن. بەڵام بە هۆی ئاشکرابوونی بەشێک لە پلانەکان و دەستێوەردانی تورکیا، ئەو هەوڵانە نەگەیشتنە ئەنجامی چاوەڕوانکراو. لە هەمان کاتدا، هەندێک لە حیزبەکان داوای دروستکردنی ناوچەی دژەفڕین و زەمانەتی ئەمنییان لە ئەمریکا دەکرد. بە بڕوای من، حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت هەموو مەرجەکانی خۆی بەسەر زلهێزێکی وەک ئەمریکادا بسەپێنێت. سیاسەت پێویستی بە ئامادەکاری، توانای خۆسەلماندن و قبووڵکردنی مەترسی هەیە. ئەگەر هێزێکی سیاسی دەیەوێت لە گۆڕانکارییەکی گەورەدا بەشدار بێت، دەبێت ئامادەی ئەوەش بێت کە بەشێک لە بەرپرسیارێتییەکان لە ئەستۆ بگرێت. بە بڕوای من، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی شەڕی چل ڕۆژەدا دەرفەتێکی گرنگیان هەبوو کە دەیانتوانی ڕۆڵێکی گەورەتر ببینن، بەڵام ئەو دەرفەتەیان بە تەواوی نەقۆستەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەش ئەوەیە کە ئەم حیزبانە لە دوای پاشەکشەیان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هاتنەخوارەوەیان لە قەندیل، زیاتر بوونەتە حیزبی ئۆردووگا. نەیانتوانیوە وەک هێزێکی کاریگەری مەیدانی توانای خۆیان نیشان بدەن.

بۆ لاپەڕەی ٦

لە سیاسەتدا هاوسەنگیی هێز زۆر گرنگە. ئەگەر
درێژەی لاپەڕەی ٥

وتوویژی دواڕۆژ لەگەڵ ئەنوەر حسێن بازگر

هێزت هەبێت، دەتوانیت داواکارییەکانت بەهێزتر بخەیتە ڕوو. بەڵام ئەگەر تەنیا چاوەڕوانی ئەوە بیت کە هێزێکی دەرەکی هەموو شتێکت بۆ ئامادە بکات، ناتوانیت ڕۆڵێکی دیاریکەر ببینیت.

لە هەمان کاتدا، نابێت ڕۆڵی تورکیا لەبەر چاو نەگیرێت. تورکیا بە جدی هەوڵ دەدات ڕێگە نەدات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتەیەکی سیاسی و ئیداریی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق دروست بێت.

بە بڕوای من، تورکیا و هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە ئامادەن سازشی گەورە لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل بکەن، بەڵام ڕێگە نەدەن کورد و نەتەوەکانی تری ئێران بگەنە پێکهاتەیەکی سیاسیی سەربەخۆ یان خۆبەڕێوەبەر.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، من پێم وایە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی کۆمەڵە و دێموکرات، هێشتا توانای ئەوەیان هەیە ڕۆڵێکی گرنگ لە گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا ببینن. ئەم دوو ڕەوتە ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتی، مێژووی خەبات، کادر، ئەندام و بنەماڵەی شەهیدیان هەیە. ئەمانە سەرمایەیەکی گرنگی سیاسی و کۆمەڵایەتین.

بەڵام پێویستە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو فێر بن. نابێت هەڵەکانی دەیەی هەشتای زایینی دووبارە بکەنەوە، نابێت هەندێک لە هەڵەکانی حیزبەکانی باشووری کوردستان دووبارە بکەنەوە و نابێت بەبێ زەمانەت و دەستکەوتی سیاسی بچنە ناو دانوستانێکەوە کە لە کۆتاییدا هیچ شتێکیان دەست نەکەوێت.
ڕۆژهەڵاتی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و نابێت ئەزموونی پارچەکانی تری کوردستان بە هەمان شێوە دووبارە بکاتەوە. بەڵام دەتوانێت لە هەڵەکانیان فێر بێت و بە ئەجێندایەکی ڕوونتر و بەڕەو داهاتوو هەنگاو بنێت.

تەوەری سێیەم: خاڵە بەهێز و لاوازەکانی هاوپەیمانی حیزبە کوردستانییەکان

دواڕۆژ: هاوپەیمانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەنگاوێکی گرنگ لە مێژووی هاوکاریی سیاسی ئەم هێزانە دادەنرێت. بە بڕوای ئێوە، خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ئەم هاوپەیمانییە چین و چۆن دەتوانرێت کاریگەرتر بکرێت؟

ئەنوەر حوسێن: خاڵی بەهێزی ئەم هاوپەیمانییە ئەوە بوو کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕوانی هەنگاوێکی لەم جۆرە بوون. پێکهاتنی هاوپەیمانییەکە لە بارودۆخێکی سیاسیی تایبەتدا ڕووی دا و توانی هیوایەک لە ناو کۆمەڵگەدا دروست بکات، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەم هاوپەیمانییە زۆر درەنگ پێک هات.
دەکرا دوو، پێنج یان تەنانەت دە ساڵ پێش ئێستا ئەم هێزانە هاوپەیمانییەکی سیاسیی بەهێز دروست بکەن. دەکرا بارەگایەکی هاوبەشیان لە دەرەوەی وڵات هەبێت، میدیایەکی بەهێز و هاوبەش دروست بکەن، لە ڕووی ئیداریی‌ەوە هاوکاری بکەن و تەنانەت بۆ ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەش بەرنامەیەکی هاوبەشیان هەبێت، بەڵام ئەم کارانە لە کاتی خۆیدا نەکران و کاتێک هاوپەیمانییەکە پێک هات، ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکان پێشتر گەیشتبوونە قۆناغێکی هەستیار، لەگەڵ ئەوەشدا، من پێم وایە بۆ کارێکی باش هەرگیز زۆر درەنگ نییە.
کێشەی بنەڕەتیی ئەم هاوپەیمانییە ئەوەیە کە هێزەکانی ناوی لە ڕووی سیاسی و ئیدیۆلۆژییەوە هاوشێوە نین. کۆمەڵە و دێموکرات مێژوویەکی پڕ لە ململانێ و ناکۆکییان هەیە. لە ناو ڕەوتەکانی کۆمەڵەشدا کێشەی جیابوونەوە و جیاوازیی بیروبۆچوون هەیە.
پژاک بە هۆی پەیوەندیی فکری و سیاسیی لەگەڵ ڕەوتی پارتی کرێکارانی کوردستان، جۆرێکی جیاواز بیر دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا، سەبارەت بە ڕۆڵ و پەیوەندیی ڕێکخراوی خەبات لەگەڵ موجاهیدینی خەلقیش ڕەخنە و پرسیار هەیە.
ئەم هەموو جیاوازییە سیاسی و ئیدیۆلۆژییانە لە ناو هاوپەیمانییەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە و بوونەتە هۆی دروستبوونی پارادۆکس و ناکۆکی.
بۆ نموونە، کاتێک یەکێک لە ڕابەرانی پژاک گوتارێک دەخاتە ڕوو کە پەیوەندی بە پرسی ئینتیگراسیۆن و بیروباوەڕەکانی ڕەوتی پەکەکەوە هەیە، ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە هەمان گوتار خواستی کۆمەڵە، دێموکرات یان ڕێکخراوی خەباتیشە.
ئەم جیاوازییانە کێشە دروست دەکەن، بە تایبەتی کاتێک هاوپەیمانییەکە نەیتوانێت گوتار و ئەجێندایەکی هاوبەش دیاری بکات.
هەروەها ئەم هێزانە نەیانتوانیوە تەنانەت لە ئاستێکی هێماییشدا هێزی پێشمەرگەیان یەک بخەن. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە هێشتا لە کێشە مێژوویییەکانیان دەرباز نەبوون.
لە ناو ئەم حیزبانەدا هێشتا بیرکردنەوەی ئەوە هەیە کە کام حیزب یەکەمە و کام حیزب دووەمە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەربەستێکی گەورەیە لە بەردەم هاوکاریی سیاسی.
خاڵێکی تری لاوازی ئەوەیە کە هاوپەیمانییەکە لە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی شوبات و شەڕی چل ڕۆژەی ئێران و ئەمریکادا پێک هات. لە کاتێکدا پێویست بوو ئەم هاوپەیمانییە بە شێوەیەکی ئاسایی، لەسەر بنەمای گفتوگۆ و بەرنامەی سیاسی، پێک بهاتبایە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم کێشانە، بوونی ئەم هاوپەیمانییە باشترە لە نەبوونی.
ئەگەر بتوانێت ئەجێندایەکی ڕوون هەبێت، دەتوانێت وەک نوێنەر و قسەکەری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ڕۆڵ ببینێت، بەڵام من پێم وایە ئەم هاوپەیمانییە نابێت هیچ جۆرە هاوپەیمانییەکی سیاسی و ستراتیژی لەگەڵ ئیسرائیل هەبێت. بە بڕوای من، نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل مەترسییەکانی بۆ بزووتنەوەی کورد زیاترە لە دەستکەوتەکانی.
من پێم وایە سیاسەتی بنیامین ناتانیاهۆ بەرامبەر پرسی کورد زیاتر لە چوارچێوەی گوتارێکی پۆپۆلیستیدایە و نابێت حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چارەنووسی خۆیان بەو سیاسەتەوە ببەستنەوە.
لە هەمان کاتدا، هاوپەیمانییەکە نابێت هەموو هێلکەکانی بخاتە یەک سەبەتە، واتە هەموو چاوەڕوانییەکانی لە ئەمریکا بێت.
ئەمریکا نایەت هەموو کارەکانی کورد بۆ ئەنجام بدات، کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێت و هەرێمێکی سیاسی بۆ کورد دروست بکات. حیزبەکان خۆیان دەبێت ئامادەکاری بکەن، گوتارێکی ڕوونیان هەبێت و بتوانن لە ڕووی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە توانای خۆیان نیشان بدەن.
هاوپەیمانییەک کە تەنیا بەیاننامە دەربکات، بەڵام نەخشەڕێگا و بەرنامەیەکی ڕوونی نەبێت، ناتوانێت لە گۆڕانکارییە گەورەکاندا ڕۆڵێکی دیاریکەر ببینێت. هەروەها پێویستە دەرگای هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی دەرەوەی هاوپەیمانییەکە کراوە بێت، لەوانە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و هێزە سیاسییەکانی تر.
هاوپەیمانییەکی نەتەوەیی و سیاسی نابێت تەنیا بە چەند حیزبێکی دیاریکراو سنووردار بێت. دەبێت بتوانێت هێزە بچووک و گەورەکان لەسەر بنەمای ئەجێندایەکی هاوبەش کۆ بکاتەوە.

هاوپەیمانیی کۆمەڵەکان؛ پێشنیارێک بۆ هاوسەنگیی سیاسی

دواڕۆژ: ئێوە ڕەخنە لە ناکۆکییەکانی ناو هاوپەیمانییەکە دەگرن. ئەگەر ئەم هاوپەیمانییە نەتوانێت بە شێوەی ئێستای بەردەوام بێت، چ ئەڵتەرناتیڤێک پێشنیار دەکەن؟

ئەنوەر حوسێن: ئەگەر هاوپەیمانیی ئێستا نەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر بەردەوام بێت، دەتوانرێت هاوپەیمانییەکی سیاسی لە نێوان کۆمەڵە و دێموکرات دروست بکرێت.
ئەگەر ئەمەش نەکرا، من پێم وایە یەکێک لە ئەگەرە گرنگەکان دروستکردنی هاوپەیمانییەکی سیاسی لە نێوان ڕەوتە جیاوازەکانی کۆمەڵەیە.
کۆمەڵەکان، سەرەڕای هەموو ناکۆکی و جیابوونەوەکانیان، خاوەنی مێژوویەکی هاوبەشن. بەشێکی زۆر لە بنەما سیاسی و فکرییەکانیان لە یەک نزیکە. کادر، پێشمەرگە، شەهید، بنەماڵە و ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتیی هاوبەشیان هەیە.
بە بڕوای من، هاوپەیمانییەک لە نێوان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بەشێک لە ڕەوت و کەسایەتییە مێژوونووسەکانی ئەم بزووتنەوەیە، دەتوانێت ڕۆڵێکی زۆر گرنگ ببینێت.
ئەم هاوپەیمانییە دەتوانێت بە بنەمایەک بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
لە ڕابردوودا هاوسەنگییەکی سیاسی لە نێوان کۆمەڵە و دێموکراتدا هەبوو، بەڵام بە هۆی جیابوونەوەکانی ناو کۆمەڵە، ئەو هاوسەنگییە تێکچووە.
ئەگەر کۆمەڵەکان بتوانن لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی سیاسیی هاوبەشدا کۆ ببنەوە، دەتوانن ئەو هاوسەنگییە تا ڕادەیەک بگەڕێننەوە.
ئەمە بەو مانایە نییە کە هاوپەیمانیی کۆمەڵەکان دەبێت ببێتە بەرەیەک دژی حیزبی دێموکرات. بە پێچەوانەوە، دەتوانێت لەگەڵ دێموکرات و هێزەکانی تر هاوپەیمانییەکی فراوانتر و بەهێزتر دروست بکات.
کێشەیەکی گرنگی ئێستای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە هاوسەنگیی هێز لە نێوانیاندا ڕوون نییە. هەندێک حیزب خۆیان بە هێزی یەکەم دەزانن و هەندێکی تر هەوڵ دەدەن کاریگەریی خۆیان فراوانتر بکەن.
هاوپەیمانیی کۆمەڵەکان دەتوانێت ئەم هاوسەنگییە ڕێک بخاتەوە و ڕێگە لەوە بگرێت کە یەک هێز بە تەنیا خۆی بە نوێنەری سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزانێت.
لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەش، کۆمەڵەکان پێگەیەکی هاوبەشیان هەیە. بۆ نموونە، لە شارەکانی وەک سنە، سەقز و مەهاباد، هەر یەکێک لە ڕەوتەکانی کۆمەڵە دەتوانێت بەشێکی زۆر لە لایەنگرانی ڕەوتەکانی تری کۆمەڵە لە دەوری پەیامێکی سیاسی کۆ بکاتەوە.
ئەم نزیکییە کۆمەڵایەتییە لە نێوان کۆمەڵە و هێزەکانی تردا بە هەمان ئەندازە بوونی نییە.
بۆیە من پێم وایە هاوپەیمانیی کۆمەڵەکان واقیعیتر و نزیکترە لە ڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە.
بەڵام مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە ئەم هاوپەیمانییە سەربەخۆ بێت. نابێت وابەستەی هیچ هێزێکی سیاسی لە باشووری کوردستان، پەکەکە، موجاهیدینی خەلق یان هێزێکی ناوچەیی بێت.
دەتوانێت لەگەڵ ئەمریکا یان هێزە نێودەوڵەتییەکان لەسەر ئەجێندایەکی دیاریکراو ڕێک بکەوێت، بەڵام نابێت بڕیاری سیاسیی خۆی بداتە دەست هیچ لایەنێکی دەرەکی.
هەر هاوپەیمانییەکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵات دروست بێت، نەک لەسەر بنەمای ئەجێندای هێزەکانی دەرەوە.

تەوەری چوارەم: سیناریۆکانی شەش مانگی داهاتووی ئێران و کوردستان

دواڕۆژ: بە بڕوای ئێوە، نزیکترین سیناریۆ بۆ ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان لە شەش مانگی داهاتوودا چییە؟ ئایا ئەگەری ڕێککەوتن زیاترە یان بەردەوامبوونی شەڕ و گۆڕانکاریی سیاسی؟

ئەنوەر حوسێن: بە بڕوای من، ئەگەر دەسەڵاتدارانی ئێران سازش لەگەڵ ئەمریکا نەکەن، ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەم ململانێیە لە ڕێگەی شەڕەوە یەکلا بکرێتەوە.
بەڵام ئەگەر سازش بکەن، لەوانەیە گۆڕانکارییەکی سیاسی لە ناو سیستەمەکەدا ڕوو بدات؛ بۆ نموونە لە ڕێگەی کودەتایەکی سپی یان هاتنەسەرکاری کەسانێک کە بتوانن لەگەڵ ئەمریکا ڕێک بکەون.
من پێم وایە ئەمریکا زیاتر حەزی لە سیناریۆیەکی هاوشێوەی ڤەنزوێلا هەیە؛ واتە گۆڕانکاری لە سەرەوەی دەسەڵاتدا، بەبێ ئەوەی هەموو پێکهاتەی دەوڵەت تێک بچێت.
هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەمریکا نایەوێت ئەزموونی عێراقی دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە ئێران دووبارە ببێتەوە. عێراق دوای زیاتر لە دوو دەیە لە ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، سەرەڕای داهاتی گەورەی نەوت، هێشتا ڕووبەڕووی قەیرانی سیاسی، ئابووری و خزمەتگوزارییە. بەغدا و زۆرێک لە پارێزگاکانی باشووری عێراق هێشتا لە کێشەی گەورەی ژێرخان و بەڕێوەبردندا دەنااڵێنن.
بۆیە من پێم وایە ئەمریکا نایەوێت ئێران بگاتە ئەو دۆخەی کە هەموو دامەزراوەکانی تێک بچن و وڵات بکەوێتە ناو ئاژاوەیەکی فراوانەوە.
چونکە ئەگەر ئێران تووشی ئەو دۆخە ببێت، دەکرێت هێزە ناوچەییەکان دەستێوەردان بکەن، کورد، بەلووچ، عەرەب و نەتەوەکانی تر داواکارییەکانیان بخەنە ڕوو و تورکیا، عەرەبستانی سعوودی، ئیمارات و ئیسرائیل هەر یەکەیان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان دەستێوەردان بکەن.
ئەمریکا لەوانەیە ئەوە بە مەترسییەک بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بزانێت.
لەبەر ئەوە، ئەگەری گۆڕانکارییەکی کۆنترۆڵکراو لە سیستەمی سیاسیی ئێراندا بە بڕوای من یەکێکە لە سیناریۆ گرنگەکان.
بەڵام بابەتەکە تەنیا پەیوەندی بە سیستەمی سیاسیی ئێرانەوە نییە. گەرووی هورمز و سەرچاوەکانی وزە ڕۆڵێکی بنەڕەتییان لەم ململانێیەدا هەیە.
گەرووی هورمز تەنیا ڕێڕەوێکی ئاویی نییە، بەڵکوو خاڵێکی ستراتیژییە بۆ بازرگانیی جیهانی، گواستنەوەی نەوت و گاز و ملمالنێی ئەمریکا و چین.
بە بڕوای من، ئەمریکا دەیەوێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیەوە کاریگەریی خۆی بەسەر ڕێڕەوەکانی وزە و بازرگانیی چینەوە زیاد بکات.
هەروەها پڕۆژەکانی گواستنەوە و بازرگانیی چین، لەوانە ڕێگای ئاوریشمی نوێ، بەشێکن لە ئەو ململانێیە ستراتیژییە.
چین دەیەوێت لە ڕێگەی پاکستان، ئێران، دەریای قەزوین، قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستەوە پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و ئەورووپا فراوان بکات. ئەمریکاش دەیەوێت کاریگەریی خۆی بەسەر ئەم ڕێڕەوانەدا بپارێزێت.
لە لایەکی ترەوە، سەرچاوە گەورەکانی نەوت و گازی ئێران، عێراق و وڵاتانی کەنداو گرنگییەکی ستراتیژییان بۆ زلهێزەکان هەیە.
بۆیە من پێم وایە ئەمریکا بە ئاسانی دەست لەم ململانێیە هەڵناگرێت.
ئەو هێز و سەرباز و ئامرازە سەربازییانەی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاوەکانی کەنداو کۆی کردوونەتەوە، تەنیا بۆ نیشاندانی هێز نین، بەڵکوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و ئیمتیازی ستراتیژین.
لە ڕووی ئابووریی‌ەوەش، ئەم شەڕ و ململانێیە زیانێکی گەورەی بە ئێران، ئەمریکا و ئابووریی جیهانی گەیاندووە. من پێم وایە ئەو تێچووانەی کە تا ئێستا هەبوون، نیشان دەدەن کە ئەمریکا بێ بەدەستهێنانی ئامانجە سەرەکییەکانی بە ئاسانی پاشەکشە ناکات.
بە بڕوای من، هەر سەرکەوتنێکی ستراتیژیی ئەمریکا لەم ململانێیەدا بە مانای پاشەکشەیەکی زیاتر بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێت.
بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە خەڵکی ئێران و ناوچەکە نەبنە قوربانیی زیاتر.

درێژە لە لاپەڕەی ٧

دێڕێژەی لاپەڕەی ٦

وتوویژی دواڕۆژ لەگەڵ ئەنوەر حسێن بازگر

تەوەری پێنجەم: داهاتووی سیاسیی کورد لە ئێران و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

دواڕۆژ: بە بڕوای ئێوە، داهاتووی سیاسیی کورد لە ئێران و ناوچەکە بە چ هۆکار و گۆڕانکارییانەوە گرێدراوە؟ ئایا دۆخی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەرفەتێکی نوێ بۆ کورد دروست دەکات یان مەترسییەکان زیاتر بوون؟

ئەنوەر حوسێن: بە بڕوای من، داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ئەو گۆڕانکارییانەوە گرێدراوە کە لە دوای شەڕەکانی شوباتی ٢٠٢٦ لە ئێران و ناوچەکەدا ڕوویان داوە. چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کۆماری ئیسلامی لەم قەیرانەدا چۆن دەردەچێت.

ئەگەر ئێران بتوانێت هێز و دەسەڵاتی خۆی بگەڕێنێتەوە و بگاتە دۆخی پێشووی، ئەوە بە بڕوای من دەبێتە هۆی پاشەکشەی زیاتر بۆ بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەیە کە فشارەکان بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان زیاتر ببن و ئەم هێزانە ڕووبەڕووی سنووردارکردنەوەی زیاتری چالاکییەکانیان ببنەوە، بەڵام بە گشتی، من دۆخی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە باش نابینم.

ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان نموونەیەکی گرنگە. لەوێ، هێزە کوردییەکان لە ساڵی ٢٠١١ەوە توانییان بەشێکی گرنگ لە ناوچەکانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و پێکهاتەیەکی سیاسی و سەربازی دروست بکەن.

بەڵام بە بڕوای من، بەشێک لە هەڵە سیاسییەکانیان و وابەستەبوونیان بە سیاسەتی پەکەکە، بووە هۆی ئەوەی ئەو ئەزموونە تووشی پاشەکشەیەکی گەورە ببێت.

من پێم وایە ئەو هێزانە نەیانتوانی لە کاتی گونجاودا سیاسەتێکی سەربەخۆ و واقیعی پەیڕەو بکەن.

هەروەها نزیکبوونەوە لە ئیسرائیل، بە بڕوای من، یەکێک لەو هۆکارانە بوو کە نیگەرانیی تورکیای زیاتر کرد.

دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد لە هەشتی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤، هاوسەنگیی هێز لە سووریا گۆڕا و تورکیا هەوڵی دا کاریگەریی خۆی لەسەر داهاتووی ئەو وڵاتە زیاد بکات.

بە بڕوای من، ڕێککەوتن و سازشەکانی نێوان تورکیا، دەسەڵاتی نوێی سووریا و هێزە نێودەوڵەتییەکان، بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٦دا، کاریگەرییەکی نەرێنییان لەسەر دۆخی کورد لە ڕۆژئاوا هەبوو.

من پێم وایە ئەمریکا لە نێوان بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و دەسەڵاتی نوێی سووریا لە لایەک و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردییەکان لە لایەکی ترەوە، بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی پێشخست.

ئەنجامی ئەو سیاسەتەش بە بڕوای من پاشەکشەیەکی گەورە بوو بۆ ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری لە ڕۆژئاوای کوردستان.

ئەم ئەزموونە دەبێت وانەیەکی گرنگ بێت بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە باشووری کوردستانیشدا بارودۆخەکە ئاسان نییە. ململانێی نێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، یەکنەخستنی هێزی پێشمەرگە و ناکۆکییە سیاسییەکان، هەرێمی کوردستانیان لاواز کردووە.

بە بڕوای من، ئەمریکا لە سەرەتای شەڕی ئێراندا چاوەڕوانییەکی لە هێزەکانی باشووری کوردستان هەبوو، بەڵام ئەو هێزانە ئامادە نەبوون بەو شێوەیەی واشنتۆن دەیویست بەشدار بن.

ئەمەش کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان داناوە.

لە هەمان کاتدا، حکوومەتی عێراق هەوڵ دەدات دەسەڵاتی ناوەندی بەهێزتر بکات و کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا فراوانتر بکات.

هەندێک لە سیاسەتمەدارانی باشووری کوردستان پشت بە دەستووری عێراق دەبەستن و دەڵێن مافەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستووردا پارێزراون.

بەڵام من پێم وایە دەستوور تەنیا کاتێک بەهای ڕاستەقینەی هەیە کە دەسەڵات لە دەستی هێزێکی دێموکراتیکدا بێت و ڕێز لە بنەماکانی بگرێت.

ئەگەر دەسەڵات لە دەستی هێزێکی میلیشیایی یان تۆتالیتاردا بێت، نووسینی مافەکان لە دەستووردا بە تەنیا ناتوانێت زەمانەتی پاراستنیان بکات.

مێژووی پەیوەندیی نێوان ئەریتریا و ئەسیوپیا نموونەیەکە کە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکرێت. کاتێک هاوسەنگیی هێز لە نێوان دوو لایەندا یەکسان نەبێت، دەستوور بە تەنیا ناتوانێت مافە سیاسییەکان بپارێزێت.

بە بڕوای من، ئەگەر کۆماری ئیسلامی لاوازتر ببێت، ڕەنگە هەرێمی کوردستان بتوانێت بۆ ماوەیەکی تر دۆخی خۆی بپارێزێت. بەڵام ئەگەر ئێران وەک هێزێکی کاریگەری ناوچەیی بگەڕێتەوە، ئەوە فشارەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان زیاتر دەبن. چونکە ئێران بەردەوام هەرێمی کوردستانی بە بەشێک لە کێشە ئەمنی و ستراتیژییەکانی خۆی زانیوە.

لە باکووری کوردستانیشدا دۆخەکە جێگەی نیگەرانییە. ئەو پرۆسەیەی تورکیا بە ناوی «تورکیای بێ تیرۆر» پێناسەی دەکات، بە بڕوای من هێشتا نەیتوانیوە دەستکەوتێکی سیاسیی ڕوون بۆ خەڵکی کوردستان بەدی بهێنێت.

پەکەکە لە ماوەی نزیکەی پێنج دەیەدا خەباتێکی دژێڕخایەنی کردووە، بەڵام لە قۆناغی ئێستادا پاشەکشەیەکی گەورەی کردووە و نەیتوانیوە بە ئەندازەی ئەو قوربانییانەی دراون، مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بەدەست بهێنێت.

بە گشتی، من پێم وایە دۆخی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا ڕووبەڕووی قەیران و مەترسییەکی گەورە بووەتەوە.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان ئەوەیە کە زلهێزەکان و هێزە ناوچەییەکان هەوڵ دەدەن دەوڵەتە ناوەندییەکان بەهێزتر بکەن و ڕۆڵی هێزە نادەوڵەتییەکان سنووردار بکەن.

ئەم ئاراستەیە دەتوانێت کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بزووتنەوە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کوردستان هەبێت.

لەبەر ئەوە، من پێم وایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێویستییان بە نزیکبوونەوە، هاوکاری، سەربەخۆیی سیاسی و دانانی ئەجێندایەکی ڕوون هەیە.

کورد نابێت تەنیا چاوەڕوانی بڕیارەکانی زلهێزەکان بێت، بەڵکوو دەبێت خۆی بتوانێت بەرژەوەندییەکانی دیاری بکات و بۆ پاراستنیان ستراتیژییەکی واقیعی هەبێت.

هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی پێویستی بە توانای ڕێکخراوەیی، سازان لەگەڵ هێزەکان و ئامادەبوون بۆ قبوولکردنی مەترسییە سیاسییەکان هەیە.

لە کۆتاییدا، ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە کە حیزبەکانی کوردستان بتوانن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو فێر بن و لە جیاتی وابەستەبوون بە ئەجێندای هێزە دەرەکییەکان، بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بکەنە بنەمای بڕیارە سیاسییەکانیان.

دێڕێژەی لاپەڕەی ١

زەنگی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانەوە لێدراوە

هەرێمی کوردستان؛ ئەزموونێکی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە بەشێکی دیکەی شیکردنەوەکەیدا، کەعبی ئاماژە بە جیاوازیی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دۆخی ئەو ناوچانە دەکات کە بەهۆی شەڕ و ململانێ ناوچەییەکانەوە تووشی وێرانی بوون. بە بۆچوونی ئەو، هەرێمی کوردستان، سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان و بوونی ناڕەزایەتییە ڕەواکانی خەڵک، توانیویەتی گەشەیەکی بەرچاو بە خۆوە ببینێت و ببێتە یەکێک لە ئاوەدانترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ناوبراو هەروەها لەسەر سروشتی سێکۆلاری هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی مێژوویی هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش جەخت دەکاتەوە. ئەو ڕەوانەکردنی هێزی پێشمەرگە و چەکی قورس بۆ بەرگری لە کۆبانێ و ڕۆژاوای کوردستان بە یەکێک لە ڕووداوە گرنگە مێژووییەکانی خەباتی گەلی کورد دەزانێت.

شۆڕشی ژینا؛ زەنگی مەترسیی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی

ڕەزا کەعبی شۆڕشی ژینا و دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» بە خاڵێکی وەرچەرخان لە خەباتی دژی کۆماری ئیسلامی دەزانێت و پێی وایە ئەم شۆڕشە زەنگی مەترسییەکی ڕووخێنەری بۆ دەسەڵاتی تاران لێداوە. بە بۆچوونی ناوبراو، کوردستان وەک پێگەی سەرەکیی شۆڕشی ژینا و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە سەرکردایەتی و هێزی پێشمەرگەیان لە هەرێمی کوردستان جێگیرن، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە کەوتوونەتە بەر شاڵاوی هەڕەشە و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی. کەعبی دەڵێت شۆڕشی ژینا توانی خەبات و خۆڕاگریی زیاتر لە چوار دەیەی کوردستان بەرەو ئاستێکی ناوچەیی و جیهانی بەرێت و نەتەوەکانی ئێران بخاتە جوواڵەیەکی گەورەی شۆڕشگێڕانەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، ئەم پێگەیەی کوردستان و بوونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان، بووەتە چەقڵی چاوی کۆماری ئیسلامی. هەر بۆیە تاران، لە بەرامبەر بەرەنگاریی هەرێمی کوردستان و نەچوونە ژێر باری داواکارییەکانی، ڕووی لە پەرەپێدانی هەڕەشە و هێرشە درۆنی و تیرۆریستییەکان کردووە. هێرشەکانی تاران؛ هەوڵێک بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستە ناوچەییەکان کەعبی لە شیکردنەوەی هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی دوای هێرشەکەی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەر بۆ سەر ئیسرائیل، ئاماژە بەوە دەکات کە تاران گرووپە چەکدارەکانی سەر بە خۆی لە عێراق، لوبنان و یەمەن هێناوەتە مەیدانی ململانێکان. بە بۆچوونی ئەو، هێرشە درۆنییەکان بۆ سەر بنکەکانی هاوپەیمانان، فڕۆکەخانەی هەولێر و بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، بەشێکن لەو سیاسەتەی کە تاران لە داڕشتن و بەڕێوەبردنیدا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. ناوبراو هەروەها پێی وایە شکستەکانی حەماس، کوژرانی ژمارەیەک لە فەرماندەکانی حەماس و حیزبوڵڵا و فەرماندەکانی سوپای پاسداران لە سووریا، کۆماری ئیسلامییان تووشی قەیرانێکی قوواڵتر کردووە. لە ڕوانگەی کەعبییەوە، چڕکردنەوەی هێرشەکانی تاران بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەوڵێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی دەروونی و سیاسیی ئەو شکستە ناوچەییانە.



ئەو پێی وایە هێرشی درۆنی بۆ سەر بنکەی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، جارێکی دیکە سروشتی دوژمنکارانەی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئاشکرا کردووە.

یەکپارچەیی کوردستان؛ پێویستییەکی ستراتیژی و هەنووکەیی

ڕەزا کەعبی لە کۆتایی شیکردنەوەکەیدا، بە ئاماژەدان بە ئاڵوگۆڕە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، جەخت لەسەر پێویستیی یەکپارچەیی، هاوهەڵوێستی و هاوکاریی نێوان حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان دەکاتەوە. بە بۆچوونی ئەو، لە دۆخێکدا کە کۆماری ئیسلامی و گرووپە نیابەتییەکانی لە عێراق، هەڕەشە و هێرشەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان چڕتر دەکەنەوە، هاوکاری و هاوئاهەنگیی نێوان هێزە سیاسییە کوردستانییەکان پێویستییەکی هەنووکەییە. لە کۆی شیکردنەوەکەی کەعبیدا، کوردستان نەک تەنیا وەک لەمپەرێک لە بەردەم ستراتیژیی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو وەک ناوەندێکی گرنگی خەبات و گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەکەوێت؛ پێگەیەک کە بە بۆچوونی ئەو، یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی نیگەرانیی تاران لە داهاتووی دەسەڵاتەکەی.

بۆچی لاوان کۆچ دەکەن؟

چاوێک لە خەونە ونبووەکان، نایەکسانی و داهاتوویەکی نادیار



ماریا جەهانگیرپور

کۆچی لاوان یەکێکە لە پرسە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا. لاو سەردەمی پێکهێنانی کەسایەتی، خەون و ناسنامەی مرۆڤە؛ کاتێک کە هەموو کەسێک دەرفەتی خوێندن، ئەزموون، پەرەپێدانی بەهرەکانی و پلاندانان بۆ داهاتووی هەبێت. بەڵام بۆچی زۆرێک لە لاوان لەبری ئەوەی داهاتوویەک لە وڵاتەکەی خۆیاندا بنیات بنێن، بیر لە کۆچکردن دەکەنەوە؟ یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی کۆچی لاوان نەبوونی هیوا بۆ داهاتووە. لاو کاتێک هەست دەکات خوێندنەکەی گەرەنتیی ژیانێکی باشتر نییە، بەدوای وڵاتێکدا دەگەڕێت کە دەرفەتی پێشکەوتنی زیاتری تێدا بێت.

کێشەی ئابووری و هەژاری

یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی کۆچکردن. زۆرێک لە لاوان لە خێزانێکدا دەژین کە لەگەڵ کێشە ئابووریەکاندا دەجەنگن و هەندێک جار ناچار دەبن زوو بچنە ناو بازاڕی کارەوە یان دەستبەرداری خوێندن و خەونەکانیان بن بۆ ئەوەی یارمەتیی خێزانەکانیان بدەن.

نەبوونی دەرفەتی خوێندن، نایەکسانیی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن، سنوورداربوونی ئامرازەکانی خوێندن و نەبوونی دەرفەت بۆ بەردەوامبوون لە خوێندن، وا دەکات هەندێک لە لاوان کۆچکردن وەک ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە خەونەکانیان ببینن. ئەوان دەیانەوێت لە ژینگەیەکدا بژین کە بەهرەکانیان ببینرێت و داهاتوویەکی پەروەردەیی باشتریان هەبێت. شەڕ، توندوتیژی، نائەمنی و جیاکاریی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی، هۆکاری دیکەی کۆچی لاوانن. هیچ لاوێک نابێت لە ترسی داهاتوو، توندوتیژی یان بێبەشی گەورە بێت. مافی ژیان لە سەلامەتی، پەروەردە و دەرفەتی یەکسان، مافی بنەڕەتیی هەموو منداڵ و لاوێکە.

هەندێک لە لاوان هەست دەکەن کە ناتوانن لە کۆمەڵگاکەیاندا بە ئازادی بیر بکەنەوە، بۆچوونەکانیان دەربڕن، یان بڕیار لەسەر داهاتووی ژیانیان بدەن. ئەوان بەدوای کۆمەڵگایەکدا دەگەڕێن کە تێیدا ڕێز لە کەسایەتی، بیرکردنەوە و هەڵبژاردنەکانیان بگیرێت.

خەونبینین بە ژیانێکی باشتر هەندێک جار، کۆچکردن تەنها دەربازبوون نییە لە کێشەکان؛ هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە خەونەکان. لاوانمان دەیانەوێت داهاتوویەک بنیات بنێن کە تێیدا دەرفەتی خوێندن، کارکردن، ئازادی، ئاسایش و ئارامییان هەبێت.



کۆچکردن؛ هەڵبژاردن یان ناچاری؟

دەبێت لەخۆمان بپرسین بۆچی لاوانمان کە پێویستە لەگەڵ خێزان، هاوڕێ و کۆمەڵگاکەی گەورە ببێت، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەیەوێت لە خاکێکی تردا بەدوای داهاتووی خۆیدا بگەڕێت؟

کاتێک لاوانمان زێدی خۆیان بەجێ دەهێڵن، نەک تەنها سەرچاوە مرۆییەکان لەدەست دەچن؛ بەشێک لە بەهرە، داهێنان، کلتوور و داهاتووی کۆمەڵگایەکیش لەگەڵیان کۆچ دەکات.

بێگومان کۆچکردن هەمیشە هەڵبژاردەیەکی ئازاد نییە. هەندێک جار لاوان بەهۆی بارودۆخی خێزانی، هەژاری، شەڕ یان نائەمنی، ناچار دەبن ماڵ و زەویەکانیان بەجێ بهێڵن. هەروەها ئەم ڕێگایە دەتوانێت بەرەوڕووی مەترسییەکانی وەک بازرگانیکردن بە مرۆڤ، خراپەکارهێنان، هەڵاواردن و بێبەشکردنیان بکاتەوە.

ئەنجام

کۆچی لاوان نابێت تەنها بە بڕیارێکی کەسی هەژمار بکرێت؛ بەڵکو پێویستە بە نیشانەی قوونڵتربوونی کێشە کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەکان هەژمار بکرێت. لاوان سەروەت و سامانی داهاتووی هەر کۆمەڵگایەکن. ئەگەر کۆمەڵگایەک بیەوێت نەوەی گەنجی خۆی بپارێزێت، لەبری ئەوەی تاوانباریان بکات، دەبێت هەلومەرجێک دروست بکات کە تێیدا هەست بە سەلامەتی، ئازادی، ڕێزگرتن و هیواخوازی لە خاکی خۆیدا بکات.

بۆچی پرسی کورد هێشتا نەیتوانیوە ببێتە پرسێکی جێگیر لە سیاسەتی جیهاندا؟



ڕێبوار سەقز

ئەمە یەکێکە لە قووڵترین پرسیارە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە سەدەی بیستەم و بیستویەکەمدا. سەرەڕای ئەوەی کورد یەکێکە لە گەورەترین گەلە بێدەوڵەتەکانی جیهان، و سەرەڕای مێژوویەکی دردێژ لە خەبات، قوربانی و بەرخۆدان، پرسی کورد هێشتا نەبووە بە بابەتێکی جێگیر و پابەندکەری سیاسەتی نێودەوڵەتی. بۆ تێگەیشتن لەم دۆخە، پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان بوونی پرسی کورد لە سەر مێزی گفتوگۆی نێودەوڵەتی و بوونی پرسی کورد وەک بڕیارێکی ستراتیژی و پابەندکەر لە سیاسەتی جیهاندا.

کورد زۆرجار لە کاتی قەیرانەکاندا گرنگییەکی سەرنجڕاکێشی بۆ هاوکێشەکانی جیهان پەیدا کردووە، بەڵام کەمتر توانیویەتی ئەو گرنگییە بگۆڕێت بۆ پشتیوانییەکی سیاسی و نێودەوڵەتیی جێگیر.

١. نەبوونی ستراتیژییەکی نەتەوەیی هاوبەش

یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی پرسی کورد، نەبوونی دیدێکی ستراتیژیی هاوبەشە. پارچەکانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی چەند دەوڵەتدان و هەر بەشێکیش بارودۆخ، پێویستی و هاوکێشە سیاسیی تایبەتییەکانی خۆی هەیە. بەڵام کێشەکە تەنها جیاوازیی بارودۆخ نییە؛ کێشەکە ئەوەیە کە هێشتا ڕێککەوتنێکی بنەڕەتی لەسەر ئامانجە نەتەوەییە هاوبەشەکان دروست نەبووە. کاتێک هێزە سیاسییە کوردییەکان لەسەر ئامانج، پەیوەندیی دەرەکی و شێوازی خەبات یەکدەنگ نین، چۆن دەکرێت جیهان کورد وەک پرسێکی یەکگرتوو ببینێت؟ لێرەدا کێشەیەکی گەورە دەردەکەوێت: کورد زۆرجار بووەتە هاوپەیمانی کاتی بۆ دەوڵەتانی گەورە، نەک هاوپەیمانێکی ستراتیژی درێژخایەن.

٢. دابەشبوونی سیاسی و ململانێی ناوخۆیی

ململانێی نێوان حیزب و هێزە سیاسییە کوردییەکان، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی لاوازیی پێگەی نێودەوڵەتیی کورد. هەندێک جار بەرژەوەندیی حیزبی لەسەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی پێش دەخرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کورد لە کاتی گۆڕانکارییە مێژوویییەکاندا بە یەک دەنگ و یەک پێگەوە نەردەکەوێت.

کاتێک دەرەوە دەبینێت کە کورد لە ناوخۆدا لەسەر بڕیارە چارەنووسسازەکان یەکگرتوو نییە، دەرفەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هێزە جیاوازەکان بۆی زیاتر دەبێت.

٣. نەبوونی هاوپەیمانییەکی جێگیر و پابەندکەر

پرسی نەتەوەیی تەنها بە خەبات و بەرخۆدان بەڕێوە ناچێت؛ پێویستی بە دیپلۆماسی، دامەزراوە، میدیا، توێژینەوە، پەیوەندیی نێودەوڵەتی و کاری یاسایی هەیە. کورد هێشتا نەیتوانیوە سیستەمێکی دیپلۆماسیی هاوبەش دروست بکات کە بەردەوام لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا کار بکات و پرسی کورد لە دەرەوەی کاتی قەیرانەکانیشدا زیندوو ڕابگرێت.

٤. کێشەی ناساندنی پرسی کورد وەک پرسی ماف و دیموکراسی

هەندێک جار پرسی کورد لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا تەنها لە ڕووی ئەمنی و سەربازییەوە دەبینرێت، نەک وەک پرسیارێکی سیاسی، نەتەوەیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس. ئەمەش وای کردووە کە لە کاتی شەڕ و ململانێدا کورد گرنگ بێت، بەڵام لە قۆناغی دانانی نەخشەی سیاسیی داهاتووی ناوچەکەدا پێگەیەکی لاوازتری هەبێت.

٥. ترسی دەوڵەتە ناوچەییەکان لە گۆڕانی سنووورەکان

بۆیە زۆرجار هەر هەوڵێکی کورد بۆ بەدەستهێنانی مافی سیاسی و نەتەوەیی، لە بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانەدا کەوتووەتە ژێر فشار. ئەم هاوکێشەیە وای کردووە زۆرێک لە دەوڵەتە جیهانییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کورددا هەنگاوی سیاسیی سنووردار بنێن.

٦. لاوازیی ئابووری و پشتبەستن بە دەرەوە

هیچ پرسێکی نەتەوەیی ناتوانێت بە شێوەیەکی درێژخایەن پێگەیەکی بەهێز لە سیاسەتی جیهاندا بەدەست بهێنێت، ئەگەر پشتیگیریی ئابووری، دامەزراوەیی و سیاسیی خۆی نەبێت. پشتبەستن بە هاوکاریی دەرەکی، بەبێ دروستکردنی بنەمایەکی بەهێزی ناوخۆیی، دەرفەتی سەربەخۆیی بڕیار لە کورد دەستێنێتەوە.

٧. نەگۆڕینی قوربانییە مێژوویییەکان بۆ دەستکەوتی سیاسی

کورد لە قۆناغە جیاوازەکاندا قوربانیی زۆری داوە؛ لە ئەنفال و کیمیابارانەوە تا شەڕی داعش و قۆناغەکانی تری بەرخۆدان. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: بۆچی ئەم قوربانییانە نەبوونەتە بنەمایەکی سیاسیی بەهێز و پابەندکەر بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟

وەڵامەکە لەوەدایە کە قوربانی بە تەنها ماف بەدەست ناهێنێت؛ پێویستی بە ستراتیژیی سیاسی، دیپلۆماسی و دامەزراوەیەکی بەهێز هەیە کە بتوانێت ئەو قوربانییانە بگۆڕێت بۆ دەستکەوتی مێژوویی.

٨. کێشەی کورد تەنها کێشەی دەرەوە نییە، کێشەی ناوخۆشە

ڕەخنەیەکی گرنگ ئەوەیە کە نابێت هەموو بەرپرسیارییەکە بخەینە ئەستۆی دەوڵەتە گەورەکان و سیاسەتی جیهان. کورد پێویستە ڕەخنە لە خۆیشی بگرێت:

- بۆچی نەیتوانیوە یەک پلاتفۆرمی نەتەوەیی دروست بکات؟
- بۆچی ململانێی حیزبی لە زۆر قۆناغدا لە بەرژەوەندیی نەتەوەیی پێش کەوتووە؟
- بۆچی نەیتوانیوە دیپلۆماسییەکی بەردەوام و هاوبەش دروست بکات؟
- بۆچی زۆرجار لە کاتی گۆڕانکارییە مێژوویییەکاندا ئامادەکاریی سیاسیی پێشوەختەی نەبووە؟

ئەم پرسیارانە پێویستیان بە وەڵامی ڕاستگۆیانە هەیە، نەک تەنها وەڵامی سۆزداری و نەتەوەیی.

پرسی کورد پێویستی بە چەند گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی هەیە:

١. دروستکردنی ستراتیژییەکی نەتەوەیی هاوبەش، بە پاراستنی تایبەتمەندیی هەر پارچەیەک.
٢. گۆڕینی پەیوەندییە کاتییەکان بۆ هاوپەیمانییە سیاسییە درێژخایەنەکان.
٣. دامەزراندنی دیپلۆماسییەکی نەتەوەیی بەردەوام.
٤. بەهێزکردنی بنەمای ئابووری و دامەزراوەیی.
٥. گۆڕینی پرسی کورد لە بابەتێکی ئەمنی بۆ بابەتێکی ماف، دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس.

یەک پرسیاری بنەڕەتی لێرەدا دەمێنێتەوە:

ئایا کورد لە داهاتوودا دەتوانێت لە نەتەوەیەک کە لە کاتی قەیرانەکاندا گرنگ دەبێت، بگۆڕێت بۆ هێزێکی سیاسی کە لە بڕیاردانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێگەیەکی جێگیر و کاریگەر هەبێت؟

تێزی سەرەکی: تەنیایی ستراتیژیکیی کورد تەنها بەرهەمی سیاسەتی دەرەوە نییە؛ بەرهەمی تێکەڵەیەکە لە دابەشبوونی ناوخۆیی، نەبوونی ستراتیژیی هاوبەش، وابەستەیی بە هاوپەیمانییە کاتییەکان و نەتوانینی گۆڕینی قوربانییە مێژوویییەکان بۆ دەستکەوتی سیاسیی جێگیر. ئەمە بنەمایەکی گرنگە بۆ ئەو مەقالەیەی بە ناونیشانی «تەنیایی ستراتیژیکیی کورد و نەبوونی هاوپەیمانیی جێگیر»؛ چونکە ڕەخنەکە تەنها ئاراستەی جیهان نییە، بەڵکو ئاراستەی سیاسەتی ناوخۆی کوردیشە.

یادکردنەوەی مامۆستا جەلال مەلەکشا و دەرکەوتنی سەرلەنوێی ژنانی ڕەچەشکێنی کوردستان





گەلاوێژ عەبدیکانی

لە شەشەمین ساڵیادی کۆچی دواییی مامۆستا جەلال مەلەکشادا، وەک هێما و سۆمبولی ئەدەبیاتی خۆڕاگری لە بەرانبەر ستەم و زۆرداریدا، کە ڕۆژی هەینی ٨ی خەرمانانی ١٤٠٥ی هەتاوی لە ئاواییی مەلەکشا بەڕێوەچوو، جارێکی دیکە ڕۆڵی ژنانی ڕەچەشکێنی کوردستان خۆی نیشان دا.

ئەگەر بمانەوێ مێژووی نوێی کوردستان پاش هاتنەسەرکاری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەڵسەنگێنین، لە ڕاستیدا وێنەیەکی زۆر دەگمەن لە شۆڕشێکی گەورەمان بۆ دەردەکەوێ کە تێکۆشەرانی کورد و بزووتنەوەکەی توانیان لە مەودایەکی کەم و بڕگەیەکی هەستیاری مێژوویيدا، مۆرکێکی پرشنگدار و چارەنووسساز لە شۆڕشی کوردستان بدەن. لە کاتێکدا لە ئێراندا دواکەوتووترین ڕەوتی ئایینی، دژەژن، دژەئازادی و دێمۆکراسی هاتبووە سەر دەسەڵات، لە کوردستاندا دەرکەوتنی ژنانی تێکۆشەر لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا و تاقیکردنەوەی ئەزموونی ئازادی، دێمۆکراسی و پێشکەوتن، ئاسۆیەکی ڕوونی لە داهاتووی کوردستاندا وێنا دەکرد.

بەڵام شەپۆلی سەرکوت و هێرشی کۆماری ئیسلامی و لایەنگرانی لە ئێران بۆ سەر پێشکەوتووترین ئەزموونی ئەو سەردەمە (واتە کوردستان) لە لایەک، و لە لایەکی دیکەوە بێدەنگیی نێودەوڵەتی بەرانبەر بەو هێرش و پەلامارانە، لە کۆتاییدا وای کرد هێزی سەربازی و سەرکوتی ڕژێم کوردستان داگیر بکات و هەوڵ بدات پڕۆژەی ئینتێگراسیۆنی زۆرەملێ (واتە قبوواڵکردنی هەموو ئایدیای ڕژێمی ئیسلامی) بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لەو کاتەوە هەموو مەیدانەکانی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو داگیرکارییە و وەستانەوە دژی ستەم و زۆرداری بەگەڕ کەوتن.

یەکێک لەو سەنگەرە بەهێزانە، سەنگەری شێعری بەرنگارییە کە مامۆستا جەلال مەلەکشا ڕەگی بەهێزی ئەم ڕەوتەیە. ئەگەرچی مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینە چوونە ناو ئەو بابەتە نییە، بەڵام لە کوردستاندا باسکردن لە کلتووری خۆڕاگری بەبێ باسکردن لە شێعرەکانی مامۆستا جەلال، وەک باسێکی ناتەواو دێتە بەرچاو. لەم پێوەندەدا، لە کۆڕی ئەو یادکردنەوەیەدا کە بە بۆنەی شەشەمین ساڵیادی ئەو کۆچە خەمناکەوە ڕووی دا، دەرکەوتنی کۆمەڵگەیەکی زیندووی کوردستان ڕەنگی داوەوە کە ژنان لە ڕیزی پێشەوەیدا بوون. لە کاتێکدا کە سێبەری شەڕ هەندێک جار بزووتنەوە جەماوەرییەکان تا ڕادەیەک بەرەو پاشەکشە دەبات، بەڵام بوونی کلتووری وەستانەوە و خۆڕاگری لە کوردستاندا، بەتایبەتی بە بوون و بەشداریی ژنانی کوردستان کە بەوتارەکانیان جارێکی دیکە پەیامی بوون و مانەوەی کوردستان وەک جەستەیەکی سەربەخۆ پێناسە دەکەن، زۆر هیوابەخشە.

شەپۆلی سەرکوت و هێرشی کۆماری ئیسلامی و لایەنگرانی لە ئێران بۆ سەر پێشکەوتووترین ئەزموونی ئەو سەردەمە (واتە کوردستان) لە لایەک، و لە لایەکی دیکەوە بێدەنگیی نێودەوڵەتی بەرانبەر بەو هێرش و پەلامارانە، لەکۆتاییدا وای کردهێزی سەربازی و سەرکوتی ڕژێم کوردستان داگیر بکات و هەوڵ بدات پڕۆژەی ئینتێگراسیۆنی زۆرەملێ (واتە قبوواڵکردنی هەموو ئایدیای ڕژێمی ئیسلامی) بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێنێت؛ لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لەو کاتەوە هەموو مەیدانەکانی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو داگیرکارییە و وەستانەوە دژی ستەم و زۆرداری بەگەڕ کەوتن.

یەکێک لەو سەنگەرە بەهێزانە، سەنگەری شێعری بەرنگارییە کە مامۆستا جەلال مەلەکشا ڕەگی بەهێزی ئەم ڕەوتەیە. ئەگەرچی مەبەستی سەرەکیی ئەم نووسینە چوونە ناو ئەو بابەتە نییە، بەڵام لە کوردستاندا باسکردن لە کلتووری خۆڕاگری بەبێ باسکردن لە شێعرەکانی مامۆستا جەلال، وەک باسێکی ناتەواو دێتە بەرچاو. لەم پێوەندەدا، لە کۆڕی ئەو یادکردنەوەیەدا کە بە بۆنەی شەشەمین ساڵیادی ئەو کۆچە خەمناکەوە ڕووی دا، دەرکەوتنی کۆمەڵگەیەکی زیندووی کوردستان ڕەنگی داوەوە کە ژنان لە ڕیزی پێشەوەیدا بوون. لە کاتێکدا کە سێبەری شەڕ هەندێک جار بزووتنەوە جەماوەرییەکان تا ڕادەیەک بەرەو پاشەکشە دەبات، بەڵام بوونی کلتووری وەستانەوە و خۆڕاگری لە کوردستاندا، بەتایبەتی بە بوون و بەشداریی ژنانی کوردستان کە بەوتارەکانیان جارێکی دیکە پەیامی بوون و مانەوەی کوردستان وەک جەستەیەکی سەربەخۆ پێناسە دەکەن، زۆر هیوابەخشە.

بەتایبەتی بە بوون و بەشداریی ژنانی کوردستان کە بە وتارەکانیان جارێکی دیکە پەیامی بوون و مانەوەی کوردستان وەک جەستەیەکی سەربەخۆ پێناسە دەکەن، زۆر هیوابەخشە.

لە کاتێکدا کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی وێڕای ئەوەی ڕەنگی مەرگی لێ نیشتووە و مەترسیی لەبەریکەوتوو و هەڵوەشانەوەی جوگرافیاییی خۆی هەست پێ کردووە، هاوتەریب لەگەڵ ئەوەشدا ئێرانییەکانی دەرەوە هەموو کەرەسەکانی خۆیان لە هەڕەشەی جۆراوجۆر تا پیلانگێڕی خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی بیری کورستانی لاواز بکەن، دەرکەوتنی بەهێزی گوتاری کوردستان لەسەر گڵکۆی مامۆستا مەلەکشا، جارێکی دیکە وەستانەوەیە دژی ڕەوتی گشتخواز کە هیچ مافێک بۆ کورد و شۆڕشەکەی بە فەرمی ناناسێ.

ئەو ژنانەی کە لە مێژوودا دووجار چەوسێندراونەتەوە (واتە جارێک وەک ژن و جارێکیش وەک ژنی کورد)، ئەمجارەیان لەم شۆڕشە نوێیەدا کە لە ڕەوتی «شۆڕشی ژینا» گەیشتە لووتکە، ژنانی کورد نەک تەنیا دژی هەڵواردنی ڕەگەزی، بەڵکوو لە هەمان کاتدا ڕێبەرایەتیی گوتاری کورستانیبوونیان بە دەستەوە گرت. واتە ژن و ژنی کورد وەک دوو چەمکی لێکئاڵاو توانیان ئەو دوو ئاستە گرینگە بخەنە سەر ڕەهێڵەیەکی پێشکەوتووانە، کە هەم کوردستان وەک کیانێکی سەربەخۆ وێنا دەکات و هەم هاوکات ئەم پێگەیە بە شوێنی گەیشتن بە داخوازییەکانیشی دەزانێت.



شۆڕشی ژنانی کورد بەردەوام ڕوو لە گەشەیە و لە حاڵی کێشانی دڕووستترین وێنەیە لە شۆڕشی کوردستان؛ واتە ئەم توێژە داهێنەرەی کۆمەڵگا داوای نەک تەنیا چارەنووس بۆ تاکی خۆی دەکات، بەڵکوو لە ئاستی گشتیدا داوای مافی چارەنووس بۆ هەموو کورد دەکات کە دەبێ ئەو مافە گشتییە بە فەرمی پێی بێتە ناسین و قبوواڵ بکرێت. لەم تێڕوانینەدا ژنی کورد ڕزگاریی خۆی دەبەستێتەوە بە ڕزگاریی گشتیی کۆمەڵگا لە ژێر هەر چەشنە ستەم و چەوسانەوەیەکدا. هەر بۆیە دەرکەوتنی گوتاری ژنان لە یادکردنەوەی مامۆستا جەلال مەلەکشادا، وەک سەرلەنوێ گەڕانەوەی تروسکەی هیوایە بۆ ئەو نەتەوەیەی داوای مافی تاک و گشتیی چارەنووسی بەرز کردۆتەوە و لە قووڵایی مەیدانی سەرەکیی خەباتدا خەریکی ململانێیە.

"نادڵنیایی" لە وێڵی دا

چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر ڕۆمانی وێڵی لە نووسینی دلاوەر ڕەحیمی.



سۆران محەمەدی

لە ڕێبازی ئەوپەڕێکهاتەخوازییەوە دەق یەکەیەکی داخراو کە مانایەکی جێگیری هەبێت نییە و تۆڕێکە لە واتاکان کە هیچ نیشانەیەک، مانای کۆتایی یان یەکلاکەرەوەی تێدا بەدی ناکرێت. بیردۆزەکە لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراوە کە مانا هەمیشە لە دۆخی هەڵخزان و دواخستن و پێناسەکردنەوەیە و هیچ خاڵێک نییە کە بتوانێ وەک ئاماژەی کۆتایی بۆ لێکدانەوە هەژمار بکرێت. یەکەم شتێک کە من لە ڕۆمانی «وێڵی»دا هەستم پێی کرد «نادڵنیایی» بوو. ئەوپەڕێکهاتەخوازی پێی وایە کە هەموو دەقێک لە چەند تۆپێکی دەنگ و ئاماژە و دژایەتی و پچڕان پێکهاتووە و خوێنەر لە ڕووبەڕووبوونەوەیدا ناچارە لە نێوان ئەم چینانەدا بجوڵێت و بەرگەی پرسیارە بێ وەڵامەکان بگرێ و چالاکانە بەشداری لە قەڵشتگەلی مانایيدا بکات. لەم ڕوانگەیەوە «نادڵنیایی» کێمایەسی نییە لە دەقدا، بەڵکو بەشێکی بنەڕەتییە لە پێواژۆی ماناسازی دەق و لەبری ئەوەی گێڕانەوەیەکی ڕوون بخاتەڕوو، بە ئەنقەست پێکهاتەیەک دروست دەکات کە ڕێڕەوی تێگەیشتن بە ناجێگیر و مەلەوەر دەهێڵێتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا خوێنەر وەرگری مانایەک نییە، بەڵکو خوێنەر بۆ خۆی داهێنەری مانای ڕەخساو و فرەچەشن و کاتییەکانە. بۆیە لە «وێڵی»دا کات بووەتە چەمکێک وەک بواری بیرکردنەوە و لەبەر ئەوەی کە گێڕەرەوەیە کە ریوایەت دەکات، لە هەر ساتێکدا باز دەداتە سەر یادەوەرییەک، بیرەوەریەک، تایبەتمەندییەک و... لە ئەنجامدا کات نە هێڵییە و نە جێی متمانەیە. وەک ئەوە وایە لە پشت دەرگایەکەوە لەگەڵ کەسێک قسە دەکەیت و نازانیت پێنج خولەک تێپەڕیوە یان پێنج کاتژمێر.

بەکارهێنانی دیالۆگ لە نێوان یەکەم کەسی تاکەوە ڕوو لە دووهەم کەسی تاک، سڕینەوەی وەسفە سەقامگیرکەرەکان و بە تایبەت ڕۆنانی ناڕوونی لە ناسنامەی بەردەنگ، کات و شوێن... هەموو ئەو تەکنیکانەن کە لە نەریتی ئەوپەڕێکهاتەخوازییەوە وەک ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنان و بەهێزکردنی «نادڵنیایی» بەکاردەهێنرێن. بەم شێوەیە دەقی «وێڵی» نەک هەر لە «دڵنیایی» را دەکات بەڵکو هەڵڵای لێ دەکا و خوێنەر بانگهێشت دەکات بۆ ئەزموونکردنی پرۆسەی ماناسازی لە حاڵەتێکی ناسەقامگیر و کراوە و شلەژاودا.

لەم ڕۆمانەدا ئەم چەشنە گێرانەوە (کە بە دەگمەن لە ئەدەبیاتی کوردیدا کەڵکی لێوەرگیراوە) دەبێتە ئامرازێک بۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی تەواو ئەوپەڕێکهاتەخوازیی.



لە بەشی یەکەمدا گێڕەرەوە بە جێگرەوەی "تۆ" پێناسەی بەردەنگ دەکات، شوناسێکی بۆ دروست دەکات و ڕابردوویەکی لێ دەگێڕێتەوە و داوای لێدەکات بۆ قبوڵکردنی ڕۆڵێکی دیاریکراو. بەڵام لە بەشی دووهەمدا هەمان "تۆ" وەڵام دەداتەوە و هەموو ئەم پەیوەندییانە نکۆڵی دەکات؛ ئەو نە ئەو کەسەیە کە گێڕەرەوە دەیڵێت و نە هیچ شتێکی لە ڕابردووی خەیاڵی پیاهەڵگووتراوی لەبیرە... ئەم دژایەتییە ناوەندی مانا لەناو دەبات و شوناسی "تۆ" لە ئاماژەیەکی جێگیرەوە دەگۆڕێت بۆ گۆڕەپانێکی خوڕ و دژ بەیەک. لە ئەنجامدا حەقیقەت نە لە دەنگی گێڕەرەوە و نە لە دەنگی وەڵامدەرەوە دیاری ناکرێت، بەڵکو لە مەودا و گرژی نێوان ئەو دووانەدا دەسوڕێتەوە. ئەم خلیسکانەی شوناس و ناڕوونیی یادەوەری و هەڵپەسێردراوی بەردەوامی نێوان دوو دەنگی دژبەیەک، ڕۆمان دەکاتە نموونەیەکی بەرچاوی گێڕانەوەی ئەوپەڕێکهاتەخوازیی، کە تیایدا «نادڵنیایی» بەس تەکنیکێکی یارمەتیدەر نییە بەڵکو بناغەی پێکهێنەری دەقەکەیە.

سێ بەش لە وشەنامەی بۆردیۆ



وەرگێڕان و ئامادەکردن:
محەمەد حەکیمی

مێزی گفتوگۆ لە سەر ئەم پرسەوە؟

ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئێمە چ کەسانێک لە ڕاگەیاندنەکاندا دەبینین کە لەمبارەوە قسە دەکەن؟ ڕاستە؛ ئەو کەسانەی کە دەبێت بە فەیلەسووفانی پلەدوو دایانبنێین کە تەنیا دەتوانن کۆمەڵێک نووسینی مانانەزانراو بخوێننەوە؛ کەسگەلێک وەکوو ئاڵن فینکێلکرات (Alain Finkielkraut). من نازناوی «سپیپێستە بێچارە»ـم بەم کەسانە داوە: کەسانێک نیوە پسپۆر و خاوەن فەرهەنگێکی ئەوتۆش نین، بەڵام خۆیان بە بەرگریکەر لە جۆرێک فەرهەنگ دەناسێنن، لە حاڵێکدا خۆیان هیچ بۆنێکیان لەو فەرهەنگە نەبردووە و ئەم کارەیان تەنیا بۆ ئەوەیە کە خۆیان لە خەڵکی دیکە جیاواز بزانن، لە کاتێکدا لەم فەرهەنگەشدا هیچ دەستکەوتێکیان نییە.

لە ئێستادا یەکێک لە گرنگترین کێشەکانی ئێمە لە بەستێنی ناسینی جیهانی کۆمەڵایەتیدا، هەر ئەم جۆرە کەسانەن؛ چونکە ئەم مرۆڤانە بەشدارن لە دروستکردنەوەی خەونی کۆمەڵایەتیدا، کە لە نێوان یەک کۆمەڵگە و ڕاستیی ئەو کۆمەڵگەیەدا پەردە دەکێشن.

دەوڵەت: بۆردیۆ

هەموو ئەو کەسانەی کە مووچەخۆرانی کۆمەڵایەتین (travailleurs sociaux)، وەکوو کارمەندانی کۆمەڵایەتی، بەرپرسانی پەروەردەیی، دادوەرانی پایەبەرز و هەروەها مامۆستاکانی زانکۆ، کەسانێک کە هەن و من نازناوی «دەستی چەپی دەوڵەت»ـم پێ بەخشیوون، لەگەڵ هەموو بەرپرسانی وەزارەتخانەکاندا (ئەو وەزارەتخانانەی کە ناسراون بە زۆرپووڵخەرجکردن)، دەتوانرێت جێپێی ئەوان لە مێژووی دەوڵەت و لە مێژووی خەباتی کۆمەڵایەتیی ڕابردوودا بدۆزرێتەوە. ئەم دەستی چەپە لە بەرانبەر دەستی ڕاستی دەوڵەتدا دادەنرێت، بەو واتایەی کە ئەو کەسانەی لە قوتابخانەی نەتەوەیيی بەرێوەبەرایەتی دەوڵەتییەوە دەچنە ناو وەزارەتخانە دارایيیەکانەوە.

ئەو کەسانەی کە بۆ خەتی یەکەم دەنێردرێن تا بەناو چاکسازیی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن و تێبکۆشن تا هەموو کەموکووڕییەکانی مەنتەقی بازاڕ چاک بکەن و ئەو کەلێنانە پڕ بکەنەوە، بێ ئەوەی کەرەستەی پێویستیان خرابێتە بەردەست بۆ چارەسەریی ئەم پرسە.

بیرهێنانەوە: لەم نووسینەدا مەبەستی بۆردیۆ لە دەستی چەپ و دەستی ڕاستی دەوڵەت، پەیوەندیی بەم مانایانەوە لە حەوزەی سیاسیدا نییە، بەڵکوو ئاماژەیە بە گۆڕانێک بە مانا ئوستوورییەکەی؛ دەستی چەپ کە وەکوو دوعانەکراو، لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا دەکەوێتە بەر ڕق و تووڕەیی و هەر بەم هۆیەشەوە لە فەرهەنگەکاندا لە خواردنی نان و تەعارفکردنەکاندا دانانی خەڵات بەم دەستە دەکرێت. لە ڕاستیدا دەوڵەت «دەستی چەپی» خۆی بە دەستی «تاعوونەوی» دەزانی.



ژنان لە ڕوانگەی بۆردیۆ

کچان لە قاڵبی وەرگرتنەکان و هەستکردنەکاندا بە سەختی بۆ خۆئاگادارکردنەوە تێدەکۆشن؛ بنەمای ڕوانگەی حاکم لە نێو خۆدا قووڵ دەبێتەوە، بەو واتایەی کە هەموو شتێک لە نێو دڵی خۆیاندا دەهێڵنەوە و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان سیستەمی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیەی کە هەیە، ئاسایی و تەنانەت سروشتی بزانن و بە جۆرێک وەکوو چارەنووسی خۆیان ببینن و بەم شێوەیە لەو لق و پۆپ و کارانەی کە تیایدا جێگەیان نییە، خۆیان بەدوور بگرن؛ و بە پێچەوانەوە، دەچن بەرەو ئەو لق و کارانەی کە چارەنووس بەرەو لایان ڕایانپێچ دەکات.

لەگەڵ شەپۆلەکانی شێعری نوێی کوردیی

(١)

لە شێعری «نیما»یی سواڕە وە تا «چرکانە» و «شێت»



سالّح سووزەنی

بەشی دووەەم؛

ئەنجامی ئەو هەوڵانە دەگاتە «داکار» واتە بڕیاردان بۆ پڕۆژەیەکی شێعریی دیکە.. کە بە پێی بەیاننامەیەک ویستی خۆی پێناسە بکا١

ڕاستە بەیاننامەی»داکار» ئەنجام لە چرکانەکاندا گیرسایەوە (کە بەڕای من وێکچووی یان هەمان ئەو خاڵانە بوون کە ساڵانی ٤٤ و دواتر لە لایەن شاعیرانی بە ناو» شەپۆلی نوێ»- لقی شێعری تەشکیلی- لە کتێبی»صور و اسباب شعر امروز ایران» لە لایەن «اسماعیل میری عەلا» وە بڵاوکرایەوە و دواتر (ساڵی ١٣٧٧) لە کتێبی»تێئۆری شێعر»دا لە ١٩خاڵدا جەم و جۆرتر کرا)

شەمس لەنگروودی ئاوەا باسی ئەو شەپۆلە شێعرییە٢ دەکا؛

« شێعرێ کە دەسەڵاتی دەربڕین و تۆکمەیی زمانیی لە شێعری نیماوە وەرگرتبوو و وێنەسازیی و وەشەپۆلان خستنی فڕینەزێهنەییەکانی لە «شەپۆلی نوێ» واتە؛

١- ڕوون بوونی دەربڕینەکانی و دوورەپەرێزیی لەتارمایی و بێمانایی میراتی شێعری نیما بوو..

٢- وێنەیی بوونی زمان و ئازادبوونی زێهنی خوڵقێنەر و.. هی شەپۆلی شێعریی نوێ ..»

(تاریخ تحلیلی شعر نو- جلد چهار)

بەڵام تۆوی ئەو بەیاننامەیە و پرسیار و گومان و نووسینەکانی دوایی.. نوێخوازیی بەرەو قۆناغێکی دی هاندا و لە هەندەسەی شێعری یوونس ڕەزایی و «ئانارشیزمی زمانیی» خاوەنی ئەم قەڵەمە و دالّ بۆ دال و «خودمەرجەعی»دەقی ڕەزا عەلیپوور دا بە سێ ئاراستەی جیاوازدا تەشەنەی کرد؛

ئەلف- هەر چەند دەقی بەیاننامەی داکار باس لە جۆرێک شێعری «حجم»دەکا(بڕوانە خاڵی ٨ ی بەیاننامەکەی داکار کە دەڵێ: شیعر بزووتن و جوولانەوە، لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی تر لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی تر تا گەیشتن بە فۆرمێکی تەواو...) بەڵام جەختی چرکانەکان لەسەر وێنە، وێنەگەلی هێلّیی لای خۆمان دەکاتە وێنەی ڕووبەر و دوو ڕەهەند؛

« ئاو ئاشتبوونەوەی سەرابە و دەریا

من پەیژەی هەڵچوون تا شەڕی واقیع لەگەڵ خۆیدا» بێهزاد کوردستانی- غارەتی شەمامە

« پێخەفی هیوایەک/ بۆ زەریا ڕابخە/ ڕووناکی خەون بە چاوانتەوە دەبینێ»

«تاریکی دڵۆپە ئەکات/ هەی ڕۆ! ئەوین .. ئەوین»

چلّە شێعرێک لە گوڵدانی مەمانتا پەروەردەکە/ ژیان خەونێکە ڕواو»

ئەیاز خوونسیاوەشان- دوازدە چرکانەی تەنیا

چرکانەکان بە هێنانەوەی دوو وێنەی سەرەکی داوا لە خوێنەر دەکا مەودای نێوانیان پربکاتەوە و بەشداریی شێعرەکە بکا... واتە کارێک کە پێشتر شاعیرانی شەپۆلی نوێ دەیانکرد. بڕوانە ئەم شێعرەی «احمدرضا احمدی» لە شاعیرانی شەپۆلی نوێی ئێران؛

«هەموو ژیان، چێوێک بە دەنووک مەلێکەوە

هەڵدەهات»(تمام هستی- چوبی بر دهان پرنده‌ای- می گریخت) یان

«شهری فریاد میزند آری

کبوتری تنها/ به کنار برج کهنه می رسد/ می گوید: نه»

کە بەڕاستی لە چرکانەکانی داکاری دەچن(!!).

بەڵام شێعری «شێت» و دەقەکانی بەڕێز یوونس ڕەزایی وێنە بەرەو بزاڤ و حجم (چەندرەهەندیی) دەبا (ئەوەمان لەبیر نەچێ هێشتا جەخت لەسەر وێنەیە لە هەمان پێناسەی پێشوودا) واتە هەوڵدانە بۆ چەندرەهەندیی بوونی وێنە، لە مەنگیی و ڕاوەستاویی وێنەوە بۆ بزاڤی وێنەیی» یانی دۆخی وێنەیەک بتوانێ ڕێگای سێحرئامێزی وێنەیەکی دی داگیربکا، ئەوەی کە هیچ وێنەیەک ئاوارە و سەرگەردان نەبن، بەڵکوو وێنەکان پێکەوە عەوداڵی یەکدی بن.. تا لە شوێنێکدا(پێکەوە) تووشی تەقینەوەیەکی بازنەیی بن.. لێرەدا لەبری ئەوەی بەدوای حەرەکەیەکی وێنەیی لە ڕەهەندی درێژیی(طولی)دا بگەڕێین، کۆیەک وێنەی پرجووڵەمان هەیە کە پێکەوە ڕووئەدەن .. کاتێک شتی وا ڕوو ئەدا؛ ئێمەش هەست بە ئەزموونکردنی دیاردەی نوێ دەکەین.. ئەم کۆوێنە پرجمووجووڵە بەبێ تەدارەکی پێشوو دێن و ڕاستەوخۆ بەدوای دەڕوونی مرۆڤدا ئەگەڕێن و وەک ڕووداوێک.. لەوێدا سەقامگیر دەبن، وەک ئەوەی خۆمان تووشی ڕووداوێک بووبێتین.. هەر بۆیە شێعرەکە لە مەداریکدا ناوەستێ.. هەم لایەنی درێژیی و هەم لە هەموو بازنەکانیی جووڵەیی(دوایر حرکتی) تێدەپەڕێ و دەیکاتە حەجم... مێعماریی حەجم یانی گەیشتن بە ئەوپەڕایەتی ژیان، بەهۆی بازدان لە سێ ڕەهەندەوە.. و لە گەڕانەوەشدا ناگاتەوە سەکۆی واقیع.. واقیعی دایک.. یان هەر گەڕانەوەیەک لەئارادا نیە، بۆ وەی ڕەهەندەکانی پشت وێنەکە خراپ بوونە« ٣



«حجم گرایی نه هوس است و نه تفنن، نقشی است خشن و عصبی،تپشی آگاه برای هنر شاعری در انسان دیوانه‌ی شعر» (بیانیه شعرحجم)

هەربۆیە ئەم چەشنە شێعرە لای ئێمە بە شێعری شێت پێناسەکراوە

« باران کە دەنووسێ دوێنێ

تا ئەلف و بێی ئاو

ئەلف و بێی دارستانی ڕووداوێک دەبارم لە بارانا تەڕمدەنووسی.....

شاعیرێک بە ئەلف و بێی بارانەوە

لە شێعرێکدا لووڕەی تەڕی ڕووداوەکان ون دەکا

لە گەڵ حیلەی چکوولەترین پیت

ژیانی خۆی دارستانانە ئەلەڕێتەوە

هەڵفڕینە ئەم شێعرە

لە خۆشەویستی جەنگەڵەوە تا گیاندار..»

دەبینن چۆن وێنەکان شوێنگۆڕکێ دەکەن و بە هەر سێ ڕەهەندی شێعر، شاعیر، دیاردە(باران) دا تەشەنە دەکەنەوە بۆ یەکدی و هەڵدەفڕنەوە... (پێشتر بەڕێز ڕەهبەر مەحموودزادە خشتەکانی بزاڤ و جووڵەی وێنەیی شێعری شێتی لە وتارگەڵ»هەندسەی شێعری پەیڤ و «وشە هەڵگری ڕەسالّەتی تریفە«دا بە جوانی کێشاوەتەوە و پێویست بە پاتکردنەوە ناکا بۆ وەی ئەمە هەمان بزاڤی وێنەیە کە پێشتر ڕوئیایی تێئۆریزەی کردوە و وەک شێعریش دەقاندوویەتی؛

« من تن/ تن من/ من و تۆ تن تن

چون با تن تۆ می تنم / تن تن تن تن» ١+١=٤

و «میری عەلا» تەنانەت خشتەی چۆن سازبوونی ئەو چەشنە وێنانە لە ڕێگای وێکچوو و لەوچوو و ئامرازی وێکچوو و هۆی وێکچویی یەوە فرموولّە دەکا٥

بۆ باشتر تێگەیشتن لە پشتیوانەی تیۆریی چرکانەکان و شێعری شێت خوێنەری چالاک حەتم دەبێ بگەڕێتەوە بۆ دەقەکانی ئوکتاویۆپاز و ئیماژیستەکان لە شێعری جیهانیدا و وسازبوونی «شەپۆلێ نوێی»٤ شێعری فارسی(ساڵانی ٤٤تا٤٨) و جوێبوونەوە دوولقی؛ شێعریی تەشکیلی(تجسمی) و شێعریی حجم(سپاسمانتاڵ)؛ واتە گروە طرفە و «موج نوییها» بە«جزوە شعر».و ... لە لایەکەوە و ڕۆیایی - بیژن الهی - بهرام اردبیلی و» حجم»یەکان بە«شێعر دیگر»هوە لە لایەکی دیکەوە..

پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێ کە؛ لەم قۆناغەشدا پێناسەی شێعر نەگۆڕدراوە، بۆ وەی لەبری کێش و سەروا گرینگیی دراوەتە وێنەی شێعری و لە وێنەی شێعریشدا لە وێنەگەڵ ڕووبەڕەوە (سطح، ئاسۆیی- ئستوونی)یەوە، هەڵکشاوە بۆ وێنەی سپاسمانتاڵ واتە وێنەی پربزاڤ و چەند ڕەهەند و پێکهاتەی وێنەیی تیایدا دەوری گرینگ ئەگێڕێ....

با وەکوو شێعری چەندرەهەند(سپاسمانتاڵ) لە زمانی فارسی دا بە «ڕوئیایی» یەوە دەست پێدەکا و بەویشەوە دوایی دێ، «ڕوئیایی بە ڕاستی لە هەموو تواناکانی ئەو

بیرۆکەیە کەڵکی وەرگرت و هەرکەس بیهەوێ لاسایی ئەو بکاتەوە هەر تیایدا ون دەبێ، بۆ وەی؛ ئەلف- ئەو ئەزموونێکی دەستی یەکەمی نواند و کەسانی دی، ئەزموونی دەستی دووهەم بەکار دەهێنێن. ب- شێعری ڕوئیایی دەستی بەسەر هەموو تواناکانی شێعری حەجم دا گرتوە و هەمووی»مصادره« کردوه»٦) بەڵام تاقی کردنەوەی ئەو ئەزموونە لە شێعری کوردیدا نەک هەر ڕەوتی نوێخوازیی دەباتە ئاستێکی تر، (بۆ وەی نوێخوازان دەیان جار دووپاتیان کردۆتەوە کە ئەزموونی شێعر و ئەدەبی جێهانی بە ئەزموونی ئەدب دەزانن و لەو دەلاقەشەوە دەقەکانی خۆیان دەنوێنن) بەڵکوو ئەو دەرفەتەش ئەداتە خوێنەرانی شێعر کە زێدەتر ئاشنای تواناییەکانی دیکەی شێعری «حجم» بن و لە وێنە «مەحوەری»یەوە بەرەو زمان مەحوەری و لە ئیرجاع بۆدەڕەوە بۆ ئیرجاع بەخۆ بەرەو ئاستێک یان قۆناخێکی دیکەی نوێترخوازیی بیهێنن ئەزموون؛

درێژەی هەیە..

DwaRoj

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj.net

سەرنووسەر:
محەمەد حەکیمی
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

کوردستان؛ لە ناوەندی بەرخۆدانەوە بۆ ناوەندی گۆڕانکاری



زیادبوونی گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بەغدا و هەولێر بە مەبەستی سنووردارکردنی چالاکیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لەوەی داواکارییەکی ئەمنی بێت، ڕەنگدانەوەی نیگەرانییەکانی تارانە لە توانای سیاسی، تەشکیلاتی، سەربازی و کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەی کوردستان. هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری دەستپێکردنەوەی جەنگ لە نێوان ئەمریکا و ئێران، پێگەی ستراتیژیی کوردستان گرنگییەکی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت.

هەوڵەکانی تاران بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە کاتێکدا داهاتووی ململانێکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا ناڕوونە، تاران هەوڵە دیپلۆماسی، ئەمنی و سەربازییەکانی خۆی بۆ سنووردارکردنی چالاکیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چڕتر کردووەتەوە. بەردەوامیی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئەو حیزبانە، لەگەڵ بەردەوامی گوشار بۆ سەر بەغدا و هەولێر، نیشان دەدات کە کوردستان پێگەیەکی تایبەتی لە هاوکێشە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەیە.

تاران بە باشی لە مێژووی خەبات، توانای ڕێکخراوەیی، هێزی سەربازی و پێگەی کۆمەڵایەتیی حیزبە کوردییەکان ئاگاداڕە و دەیەوێت پێش ڕوودانی گۆڕانکارییە چارەنووسسازەکان، یەکێک لە ڕێکخراوترین بەشەکانی ئۆپۆزسیۆنی خۆی سنووردار بکات.

فوئاد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق، ڕۆژی ٢٣ی ڕەزبەر لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کەناڵی فرانس ٢٤، ڕایگەیاند کە دانوستاندنەکانی نێوان بەغدا، هەولێر و تاران سەبارەت بە دۆسیەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامن. ناوبراو دەرکردنی لێبووردنی گشتی لەلایەن ئێرانەوە، وەک یەکێک لە بژاردەکانی چارەسەرکردنی ئەم دۆسیەیە باس کرد.

بەڵام دۆسیەی حیزبەکانی کوردستان، دۆسیەیەکی داداوەری نییە کە بە دەرکردنی لێبووردن چارەسەر بکرێت؛ بەڵکو پرسێکی سیاسی و مێژووییە کە ڕەگی لە داواکارییەکانی گەلی کورد بۆ مافە نەتەوەییەکان، ئازادیی سیاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسدا هەیە.

کورتکردنەوەی ئەم پرسە لە گەڕانەوەی ئەندامانی حیزبەکاندا، پشتگوێخستنی ماهییەتی سیاسیی بزووتنەوەی کوردستان و دەیان ساڵ خەباتە بۆ ڕزگاری.

ترسی تاران لە پێکهاتنی بەرەیەک لە ڕۆژاوای ئێران

ڕۆژنامەی ئیسرائیلی جێروزەلەم پۆست، لە ڕاپۆرتێک بە قەڵەمی سێت فرانزمان، هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبە کوردییەکان بە بەشێک لە هەوڵەکانی تاران بۆ پێشگرتن لە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینێکی ئەگەری لە کوردستان هەڵسەنگاندووە.

لەو ڕوانگەیەوە، نیگەرانیی تاران تەنها بە بوونی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان سنووردار نابێت؛ بەڵکو پێگەی جوگرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەری لاوازبوونی دەسەڵاتی حکوومەت و توانای حیزبەکان بۆ ڕێکخستنی هێزە ناڕازییەکان، فاکتەری گرنگن لە هاوکێشەکانی تاراندا.

لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی جەنگ و لاوازبوونی پێکهاتە سەربازی و ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، کوردستان دەتوانێت ببێتە یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانی گۆڕانکارییە سیاسییەکان. هەرچەندە ئەمە بە مانای بوونی پلانێکی یەکلاکەرەوە بۆ هێرشی زەمینی لە ڕۆژاوای ئێران نییە.

سێ ڕەهەندی گرنگیی ستراتیژیی کوردستان

شوکریا برادۆست، توێژەری کاروباری ئەمنی و ژیۆپۆلیتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە وتارێکدا بۆ ئینستیتیوتی واشنتن، جەخت لەسەر پێگەی ستراتیژیی کوردستان دەکاتەوە. بەپێی هەڵسەنگاندنەکەی، لە ئەگەری دروستبوونی کەلێن لە پێکهاتە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، کوردستان دەتوانێت ببێتە پاڵنەرێک بۆ گۆڕانکارییە فراوانترەکان لە ئێران.

گرنگیی کوردستان لە سێ ڕەهەندی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە؛ ڕەهەندی سیاسی و تەشکیلاتی کە لە مێژووی خەبات و ڕێکخراوەیی حیزبەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، ڕەهەندی ستراتیژی و سەربازی کە بە پێگەی جوگرافیایی و بوونی هێزی پێشمەرگەوە بەستراوەتەوە و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی کە لە مانگرتن، ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و بەرخۆدانی مەدەنی خۆی دەنوێنێت.

یەکگرتنی ئەم سێ فاکتەرە، کوردستانی کردووەتە گۆڕەپانێک کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێت تەنها بە ئامرازە سەربازی و ئەمنییەکان کۆنترۆڵی بکات.

گوشار بۆ سەر هەرێم و قوواڵیی ستراتیژیی بزووتنەوەی کوردستان

گوشارەکانی تاران بۆ سەر بەغدا و هەولێر، هەوڵێکن بۆ سنووردارکردنی قوواڵیی ستراتیژیی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەرێمی کوردستان لە دەیەکانی ڕابردووەدا، جگە لە دابینکردنی ژینگەی بەردەوامیی چالاکیی سیاسیی حیزبەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی هەزاران پەنابەر و بنەماڵەی سیاسیی کورد بووە.

تاران دەیەوێت بە سەپاندنی داواکارییە ئەمنییەکانی خۆی بەسەر بەغدا و هەولێردا، تێچووی مانەوە و چالاکی ئەم حیزبانە لە هەرێم زیاد بکات. ئەم سیاسەتە، جگە لە هەڕەشە بۆ سەر مافەکانی پەنابەرانی سیاسی، سەربەخۆیی بڕیاردانی حکوومەتی هەرێم و سەروەریی عێراقیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

کوردستان؛ ئەگەری دەستپێکی گۆڕانکارییە زنجیرەییەکان

شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» نیشانی دا کە چۆن بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی لە کوردستانەوە دەتوانێت سنوورە جوگرافیاییەکان ببڕێت و ببێتە بزووتنەوەیەکی سەرانسەری.

ئەوەی تاران لێی نیگەرانە، تەنها توانای سەربازیی پێشمەرگە نییە؛ بەڵکو ئەگەری بەیەکگەیشتنی توانای ڕێکخستنی حیزبەکان و پۆتەنسیەلی بەرخۆدانی جەماوەریی خەڵکی کوردستانە.

هەرچەندە ئاستی کاریگەریی حیزبەکان بە هەماهەنگیی سیاسی و گۆڕانکارییە ناوچەییەکانەوە بەستراوەتەوە، بەڵام گوشارە بەردەوامەکانی تاران دەتوانرێت وەک هیمایەکی گرنگیی پێگەی ئەو حیزبانە لە داهاتووی ئێراندا لێک بدرێنەوە.

کوردستان نەک تەنها یەکێک لە ناوەندە مێژوویییەکانی بەرخۆدان دژی کۆماری ئیسلامییە، بەڵکو دەتوانێت یەکێک لە ئەکتەرە کاریگەرەکان لە دیاریکردنی پێکهاتەی سیاسیی ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامیش بێت.

دواستوون

ژنکوشتن؛ یەکێک لە دیاردە ناشرینەکانی کۆمەڵگا

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵانە لانیکەم ٦٦ هەزار ژن لە هەموو جیهاندا لەلایەن هاوژین یان بنەماڵەوە دەکوژرێن. بە واتەیەکی دیکە، ڕۆژانە زیاتر لە ١٤٧ ژن لە هەموو جیهاندا دەکوژرێن؛ هەرچەند ئەم ژمارەیە بە گشتی ڕێژەیەکی نیسبییە و ڕێژەی ژنکوشتن زۆر زیاترە لەو ئامارە، چونکە لە زۆربەی وڵاتاندا ئاماری ڕاست بوونی نییە. لەو ڕێژەیەش، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشکی شێری بەرکەوتووە و زیاترین ڕێژەی ژنکوژی لە ئەمریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووی داوە.

دیارە کوشتنی ژن تەنها دیاردەیەکی سادە و تاوانێکی تاکەکەسی و ساکار نییە، بەڵکوو ئەو شێوە لە جینایەتە ڕەنگدانەوەی کولتوور و فەرهەنگی کۆمەڵگە جیاوازەکانە و هەروەها نیشانەی ڕووخانی بەها مرۆییەکان و دارمانی کولتووڕە؛ و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازن.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە سەدا شەستی ژنکوشتن بە دەستی هاوژینەکانیان ئەنجام دراوە. ئەوەش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ماڵ و بنەماڵە، بە پێچەوانەی فەزای ئارام و بێقڕە، دەتوانێت ببێتە شوێنی کۆنترۆڵکردن و تووندوتیژیی مەرگهێنەر بۆ ژنان.

ئەمە لە لایەکەوە و لە لایەکی دیکەوە دەگەڕێتەوە بۆ عەقلیەتی پیاوسالاری، کولتووری کۆنەپەرەستی و بەشێکی گرنگیشی ئایین... بۆ تێگەیشتن لەم دۆخە ناتوانین تەنها بە شرۆڤەیەک وەک ئیرەیی، تووڕەیی تاک، کێشەی دەروونی یان ئەخلاقی قایل بین، بەڵکوو دەبێت بە وردی هەموو لایەنەکانی ئەو دیاردەیە بخەینە بەر باس و توێژینەوە؛ هەروەها دەبێت ئەو پرسە لە چوارچێوەی پرسی ئابووری، مێژوویی و ئایینیشەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت کە دەبنە هۆکاری نابەرابەریی جێندەری.

سەبارەت بە ژنکوشتن و کێشەکانی ژن لە کۆمەڵگادا، مارکس دەڵێت: بنەماڵە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ئابووری و پەیوەندیی بەرهەمیی ناو کۆمەڵگا نییە، بەڵکوو بەرهەمی عەقلیەتی کۆنەپەرەستی، نەبوونی دەسەڵاتی دادپەروەر و گرنگینەدان بە کێشەی ژنە؛ بەتایبەتی لە وڵاتێک وەکوو ئێران کە ڕژیمی ئیسلامیی تاران هیچ گرنگییەک بە بەها مرۆییەکان نادات.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێم کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەهۆی ئەوەی خەباتێکی مەدەنیی چالاک لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا هەیە و لەلایەن خودی خەڵکەوە بەڕێوە دەچێت، توانیویەتی فەرهەنگ و کولتووڕێک سەبارەت بە ویست و داخوازییەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بکات و بخاتە ڕێ، کە لە ئەنجامدا ڕێژەی ژنکوشتن لە چاو ساڵانی پێشوو زۆر کەمی کردووە و لە زۆر شوێنیشدا ئەو دیاردەیە نەماوە. ئەوە دەتوانێت مۆدێلێکی کارکردن بێت بۆ بەشەکانی تری کوردستان و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش.